کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۷۷

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۷۷ – خەزەڵوەری – ئۆکتۆبری ۲۰۲۵

سەروتار

## هەژاری و پێویستیی ڕێکخستنی سەرتاسەریی چینی کرێکار

ئەوەیکە ئەمڕۆ بەسەر کۆمەڵگای ئێران هاتووە، بەرهەمی سیاسەتێکی چینایەتی و بەرنامەداڕێژیکراوە. هاتنەخواری بەردەوامی ئاستی حەقدەست، گرانی بێسنوور، بەپارەبوونی پەروەردە، تەندروستی و دەرمان و بەرینایی کارەساتی بێکاری و لە پەنا ئەوانەشەوە بێبەری کردنی ملیۆنان کەس لە یارانەی نەقدی، بەشێک لە ڕەوتێکە کە دوائامانجی تەسلیم و بێدەسەڵات کردنی جەماوری کرێکار و زەحمەتکێشە. سەرمایەداریی ئیسلامی کە لە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ ڕەوتی نیولیبراڵیی جیهانیدا هەنگاو دەنێت، بەشێوەی سیستماتیک بە هەژار کردنی جەماوەر، لە خزمەت چڕکردنەوەی سەروەت و دەسەڵات لەناو دەستی کەمینەی زاڵدایە.

لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، چوونەسەری سەد لە سەدی نرخی کاڵا پێویستەکانی خەڵک بەتایبەت بنەماڵە کرێکارییەکان، چوونەسەری ٤٠٪ی کرێی ماڵ و بەرزبوونەوەی ٣٠٪ی هەزینەی کەلوپەلی خوێندن، گرانبوونی لەڕادەبەدەری گۆشت، نەک قەیرانێکی کاتی، بەڵکوو ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی سەرمایەدارانە و نیولیبراڵییە کە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لەژێرناوی "چاکسازیی پێکهاتەی ئابووری" بەڕێوەیان بردووە. ئەم سیاسەتانە بە ڕەواڵەت بە دروشمی "هەدەفتمەند کردنی یارانەکان"، "ئازادکردنی قیمەتەکان" و "ڕاکێشانی سەرمایە" پاساو دەکرێن، بەڵام لە واقعییەتدا بەمانای تاڵانکردنی دەسترەنجی جەماوەر بە حیسابی سەرمایەداران، پەیمانکاران و مافیای ئابوورییە. بانکەکان، شیرکەتە "خسوولەتییەکان"، ناوەندەکانی نزیک بە دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی تۆڕە بەرینەکانی ڕانت و گەندەڵی، هەر هەموویان تێکهاڵاون و کاری سەرەکییان، تاڵانکردنی بەرهەمی کار و ڕەنجی کرێکارانە. لە بارودۆخێکدا کە بەشێکی زۆر لە خەڵک بە داهاتی ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین، بڕینی یارانەی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس بەمانای بێبەری کردنی ملیۆنان کەس لە لانیکەمی بژێوە. ئەم هەوڵە لە درێژەی هەمان سیاسەتدایە کە پەروەردە، تەندروستی، شوێنی نیشتەجێبوون و تەنانەت خانەنشینیی کردووەتە کاڵایەکی لوکس. ئامانجی نهایی ئەم سیاسەتانە وابەستە ڕاگرتنی هێزی کار، ڕاگرتنی هەمیشەی هەڕەشەی بێکاری لەسەریان، وە ڕێگری کردن لە هەرجۆرە




### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات لەدژی سزای ئێعدام

### ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

### بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی سزای ئێعدام!

### ئێعدام کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەتییە و دەبێ هەڵوەشێتەوە!




### پێشڕەویی خەباتی پەرستاران

### لە گرەوی یەکگرتوویی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاریدایە

### زانکۆ مەیدانی خۆڕاگری و خەبات

ڕێکخستن و داخوازییەکی بەکۆمەڵە.

خانەنیشنان کە ئەمڕۆ لە سەر شەقام داوات خواستەکانیان دەکەن هەمان کرێکارانی دوێنێن، کەسانێک کە ساڵەهایە ئەرزشی ئیزافی بەرهەم دێنن، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی کاردا لەگەڵ هەژاری، بێڕێزی و بێمافی بەرەوڕوو دەبنەوە. بەڵێنی پووچ و بێبنەمای بەرپرسان سەبارەت بە "سەفەری زیارەتی و سیاحەتی" تەنیا بێڕێزییەکی ئاشکرایە بە کەرامەتی ئنیسانی ئەوان و هیچی تر. مووچەی خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی بەشی سەرەتاییترین پێداویستییەکانیان ناکات. زۆرێک لەوان ناچار بە دەستفرۆشی، کۆکردنەوەی زایعات یان ئەنجام دانی کاری کاتین. بەم حاڵەوە، کاربەدەستانی سندووقەکان و ناوەندەکانی خانەنشینی لە گەندەڵی و گرێبەستی گوماناویدا نوقم بوون. ئەم واقعییەتە نیشانی دەدات کە نیزامی چینایەتیی دەسەڵاتدار، تەنانەت لە بەرامبەر کەسانێک کە هەموو تەمەنی خۆیان لە خزمەت بەرهەمهێنان و



کۆمەڵگادا تێپەڕاندووە، هیچ بەرپرسایەتییەک قبووڵ ناکات. سەرمایەداری، تەنیا هەتا کاتێک پێویستی بە ئینسانە کە کار دەکات و قازانجی بۆی هەیە. ئەگەرنا بەلایەوە گرینگ نییە و بەرەو هەژاری دەبات و فەرامۆشیان دەکات.

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا نابێ بێدەنگ بین. لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، شەپۆلێکی تازە لە نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە ناوەندە سەنعەتییەکانی نەوت، پێترۆشیمی، فوولاد، ئاڵمینیۆم سازی، هاتوچۆ و بەشەکانی خزمەتگوزاری سەریهەڵداوە. خانەنشینان گەلێک جار لە شەقامەکان هاواریان کردووە "نا بۆ هەڵاواردن، نابۆ هەژاری!"، "شەڕەنگێزی بەسە، سفرەمان بەتاڵە" و خوێندکاران لە زانکۆ لەدژی بەکاڵاکردنی پەروەردە دروشمیان بەرز کردووەتەوە. ئەم هاوکارییە لە نارەزایەتیدا، سەرەڕای پەرەسەندنی سەرکوت، نیشانەی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە هوشیاریی چینایەتییە. بزووتنەوەی کرێکاری ئیتر تەنیا لە چوارچێوەی داخوازیی ئابووریدا نامێنێتەوە. بەڵکوو بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێ تا سرووشتێکی سیاسی بەخۆی بدات. مانگرتنی کرێکاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و کۆبوونەوەی خانەنشینان لە بەرامبەر مەجلیس، هەر هەموویان ئاڵقەکانی یەک زنجیرن. واتە زیجیری ئیعرازاتێک کە ئەگەر پێکەوە پەیوەند بدرێن و سەرتاسەری بنەوە دەتوانن هێزی ڕاستەقینەی چینی کرێکار لە بەرامبەر پێکهاتەی سەرمایەداریدا نیشان بدەن.

بزووتنەوەی خوێندکاری لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، سەرەڕای سەرکوتی بەرین، بۆ جارێکی دیکە لایەنگری کرێکاران و مامۆستایانی کردەوە. دروشمی هاوبەش، لێدوانی پشتیوانی و ئامادەبوون لە گردبوونەوەی خانەنشینان ئاماژەن بۆ گەشەکردنی هۆشیاری چینایەتی لەنێو گەنجاندا. خوێندکاران بۆیان دەرکەوتووە کە قەیرانی زانکۆ و بێکاری و ئایندەی نادیاریان لە هەمان هەژموونی سەرمایە و ژێردەستەیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەژاری و بێمافی کرێکاران بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم پەیوەندییە مێژووییەی نێوان زانکۆ و کارخانە، لە نێوان ئەو گەنجەی کە بێکارە و ئەو کرێکارەی بەهۆی چەوسانەوە تووشی پیریی پێشوەختە بووە، ئەو هێزە مەزنەیە کە دەتوانێت بناغەکانی ئەم نیزامە بخاتە لەرزە

بڕژوبڵاویی بزووتنەوەکان و نەبوونی ڕێکخستنی سەراسەری، گەورەترین بەربەستن لە بەردەم پێشڕەویی چینی کرێکار. ئەزمونی ساڵانی ڕابردوو دەریخستووە کە بەبێ ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییە سەربەخۆکان لە دەوڵەت، هیچ نارەزایەتییەک، تەنانەت بەربڵاوترینیشیان، دەستکەوتێکی درێژخایەنی لێناکەوێتەوە. لەم ڕووەوە پەرەپێدانی مانگرتن و نارەزایەتییەکانی ئێستای کرێکاران باشترین میکانیزمی ڕێکخستنە. کرێکار هەر خۆی دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات. هیچ هێزێکی ڕزگارکەر لە سەرەوە، لە ناو دەوڵەت یان ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و سەرمایەدارییەوە سەرهەڵنادات. تەنیا هاوپشتی هۆشیارانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە کارگەکانەوە بۆ زانکۆکان، لە نەخۆشخانەکانەوە بۆ قوتابخانەکان، دەتوانێت زەمینە بۆ گۆڕانکاری خۆش بکات. لە بارودۆخێکدا کە حکوومەت بۆ مانەوەی خۆی پشت بە هەژاری و ترسی جەماوەر دەبەستێت، هاودەنگی چینایەتی بەمانای شکاندنی گۆشەگیری سەپێنراو و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە.

ئەو کرێکارانەی کە ئەمڕۆ مانگرتن بەڕێوەدەبەن و لە شەقامەکاندا هاوار دەکەن، ئەو خانەنشینانەی کە لەسەر شەقام داوای مافەکانیان دەکەن، ئەو مامۆستایانەی کە جەخت لەسەر خوێندنی بەخۆڕایی و دادپەروەرانە و حەقدەستی سەرووی هێڵی هەژاری دەکەنەوە، ئەو خوێندکارانەی کە دروشمی "ڕۆڵەی کرێکارانین، هەردەم پشتیوانیانین" دەڵێنەوە، وە لە سەرکوت و بێکاری وەگیان هاتوون، لەڕاستیدا بەشە جۆراوجۆرەکانی یەک جەستە واتە چینی کرێکارن. هەژاری بەربڵاوی پێکهاتەیی، سەرکوتی سیاسی و گەندەڵی دامەزراوەیی نیشانەی دارمانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرمایەداری ئیسلامییە. ئەم سیستمە ئیتر توانای بەرهەمهێنانەوەی شەرعیەتی خۆی نییە و تەنیا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی سەرکوتکردن و برسێتییەوە مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. بەڵام وەک مێژوو دەریخستووە، تەنانەت لەم هەلومەرجە سەخت و دژوارانەدا، خۆڕاگری و هۆشیاری لەدایک دەبێت و تۆوی ڕزگاری دەچێنرێت. لەسەر ئەم ڕێبازە، هەر هەنگاوێکی بچووکی هاوپشتی و مانگرتن و نارەزایەتیی هاوئاهەنگ، هەر هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی کرێکاران و دارشتنی ستراتیژی شۆڕشگێڕانە و ڕێبەرایەتیی سەرتاسەری، هەنگاوێکە بەرەو دواڕۆژی بەدوور لە هەژاری و هەڵاواردن و چەوساندنەوە

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات لەدژی سزای ئێعدام


لە کاتێکدا لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات لەدژی سزای ئێعدام نزیک دەبینەوە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێک ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدامدا دەبینێ. ئەگەرچی ڕەشبگیریی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا، لە کاتێکدا کە ڕژیم لە ژێر فشارە نێونەتەوەییەکاندایە و لە ناوەوەی ئێرانیش لەگەڵ مەترسی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووە، پەرەپێدانی سەرکوت و ئێعدام پێگەیەکی ستراتێژیکی لای سەرانی حکوومەت بۆ نەجاتدانی نیزامی ئیسلامی پەیدا کردووە

بەڵام ئەم لاپەڕەیە دەبێ وەرگێڕینەوە و ئەم ستراتێژییە دەبێ تێک بشکێنین. دەتوانین بیساتی تەنافی دار و ئێعدام بەسەر سەریاندا وێران بکەین. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی مەرگ واتە گەورەترین ترسی بەرەوڕووە. لەئاستی نێونەتەوەییدا بۆ کۆکردنەوەی بەرنامەی ئەتۆمی، ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی مووشەکی بالستیک، کۆتایی هێنان بە ناردنی چەک و یارمەتی دارایی بۆ هێزە نیابەتییەکان، لەژێر فشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی ئورووپایی دایە. ئەوەش لە یەک کەلامدا یانی دەبێ لە بەرزەفڕییە ناوچەییەکانی دەست هەڵگرێ. لە ناوەوەی ئێران، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، ئاکامی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، قەیرانی لە کۆنترۆڵ دەرچووی ژینگە، هەڵاوسان و گرانیی بێوێنە، حکوومەتی ئیسلامیی خستووەتە پێگەیەکەوە کە تەنانەت ناتوانێ نان و ئاو، بەرق و هەوای پاک بۆ هەناسەکێشان دابین بکات. بارودۆخی نە شەڕ، نە ئاشتی لەژێر سێبەری هەڕەشەی شەڕی دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکادا، ناکۆکی و کێشمەکێشی ناو باڵەکانی حکوومەتی بردووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە. ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە ناوەوەی دەسەڵاتدا ئاڵای سازش و تەسلیم لە بەرامبەر ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی ئورووپایان بەرز کردووەتەوە و مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە گرەوی سازش لەگەڵ ئەمریکا و لابردنی گەمارۆکان دەبینن. لەڕاستیدا دەزگای ڕووحانییەت تووشی قەیرانی ناوخۆیی بووە و دەسەڵاتەکەی توانای پاساوکردن و مەشرووعییەت دان بەو بارودۆخە ئاڵوز و شڵەژاوەی لەدەست داوە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە شەڕی ناوخۆیی، نەبەردی چینایەتی لە ناوەوە بەردەوام درێژەی هەیە و داماویی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازیی کرێکاران، خانەنشینان و پەرستاران و بێبەشانی کۆمەڵگا، درێژە و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی.

حکوومەتی ئیسلامی دروست لە وەها بارودۆخێکدا کە مۆتەکەی ڕووخان، خەوی لە چاوی دەسەڵاتداران تاراندووە، ڕوو بە دوژمنی ناوخۆیی واتە جەماوەری کرێکار

و زەحمەتکێش و خەڵکی ڕاپەڕیو، شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی دیکە لە بەندکراوان ئێعدام دەکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەم ڕژیمە جنایەتکارە لە ٩ مانگی سەرەتای ئەمساڵی زایینیدا زیاتر لە هەزار و ٤٠ کەسی لە زیندانەکاندا ئێعدام کردووە و لەدوای شەڕی دوازدە ڕۆژە بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیخوڕی، ئاماری ئەم کوشتنە حکوومەتییانە ٤٠٪ زیادی کردووە. ئەم ئامارە و خێرایی ماشێنی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیم، ئێرانی بە نیسبەت جەمعییەتەکەی، خستووەتە سەرووی لیستی ئەو وڵاتانەوە کە هێشتا ئێعدامیان تێدا بەڕێوەدەچێت. ئامانجی سیاسی سەرانی حکوومەتی ئیسلامی لەم شەپۆلەی ئێعدام ڕێگری لە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگایە. ئەم ئێعدامانە کە لەژێر ناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی و ئاسایشی کۆمەڵگا و هێندێک جار لەبەرچاوی خەڵکدا بەڕێوە دەچن، چەرخەی توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە پەرەپێدەدات و برینی قووڵی لەسەرجەستە و دەروونی کۆمەڵگا بەتایبەت بنەماڵەی ئێعدامکراوان و منداڵان بەجێ هێشتووە. بەڵام ئەزموونی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی هەر ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییانە و بەڕێوەچوونی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە ناو زیندانەکان، سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە کە پەرەپێدانی سەرکوت و شەپۆلی ئێعدام کاریگەریی ڕابردووی خۆی لەدەستداوە و کۆمەڵگا چاوترسێن نەبووە.چوونەسەری بەرچاوی قەتڵە حکوومەتییەکان لە قالبی حوکمی نامرۆڤانەی ئێعدامدا، نە نیشانەی هێز و دەسەڵات، بەڵکوو نیشانەی ترس و داماویی حکوومەتە لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەری ئێراندا. نیشانەی ئەوەیە کە ستراتیژی پەرەپێدانی سەرکوت و شەپۆلی ئێعدام وەک ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی، درزی گەورەی تێکەوتووە

کەوابوو ئەگەرچی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بابەتێکە کە دەبێ بەردەوام لەئارادابێ،بەڵام گرینگی ئەم خەباتە لە بارودۆخی ئێستادا لەپێناو تێکشکاندنی ستراتیژی سەرکوت و زەمانەت کردنی پێشڕەویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی




و نارەزایەتییەکان، وە لە بارودۆخێکدا کە هەر ئێستا هەزاران کەس لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە چاوەڕوانی حوکمی دژەئینسانی ئێعدامدا بەسەر دەبەن، چەند هێندە بووەتەوە. لە کاتێکدا کە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" پێی ناوەتە ٨٨مین هەفتەوە و بەندکراوان لە زیاتر لە ٥٠ زینداندا هەموو هەفتەیەک سێشەممانە لە نارەزایەتی دژبە سزای دژەئینسانیی ئێعدام دەست دەدەنە مانگرتن، پێویستە ستایشی ئەم خەباتە بکرێت و بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام هەرچی زیاتر جەماوەری بکرێتەوە

بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات دژبە سزای ئێعدام دەتوانێ دەرفەتێکی دیکە بۆ گەشەپێدانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام لە ئێران و سەرتاسەری جیهان بێت. پێویستە خواستی ئازادیی بەندکراوانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بکەینە خواستی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. سەرەنجام بە یەکگرتوویی و سەرتاسەری بوونەوەی مانگرتنە کرێکارییەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر دەبێت و ستراتیژی خۆپاراستنەکەی تێکدەشکێت و بیساتی پەت و سێدارە کۆدەکرێتەوە

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٤ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەبۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی سزای ئێعدام!

## ئێعدام کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەتییە و دەبێ هەڵوەشێتەوە

لە سەروبەندی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی سزای ئێعدامدا، ماشێنی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دووبارە خێراتر بووەتەوە. لە بارودۆخێکدا کە سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەکەوە حکوومەتەکەیان لەژێر مەترسی ڕووخاندا دەبینن و لەژێر فشاری گەمارۆکان و چالاکبوونی مێکانیزمی ماشە و هەڕەشەی داگیرسانی شەڕی ئیسرائیلدان، وە لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ مانگرتن و نارەزایەتیی ڕوو لە گەشەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەرەوڕوون، بە ئامانجی پێکهێنانی فەزای ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگادا، ماشێنی ئێعدامەکەیان خێراتر کردووەتەوە و لە گیانی بەندکراوانی بێدیفاع بەربوون. دووشەممە ٢٩ی سێپتامبری ٢٠٢٥ بەرابەر لەگەڵ ٧ی ڕەزبەری ١٤٠٤، پێنج هەواڵنێری تایبەت بە مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند: " ئێعدام لە ئێران یەکجار پەرەی سەندووە کە نیشانەی پێشێلکردنی جیددی مافی ژیانە و لەماوەی هەفتەکانی ڕابردوودا بەشێوەی مامناوەند ڕۆژانە ٩ ئێعدام تۆمار کراوە. لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە لەماوەی ٩ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ زیاتر لە یەک هەزار ئێعدام لە ئێران تۆمار کراوە. بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەئێستادا پتر لە حەفتا بەندکراوی سیاسی لەوانە "شەریفە محەممەدی، پەخشان عەزیزی، وریشە مورادی، لە زیندانەکانی سەرتاسەری ئێراندا بە تۆمەتی سیاسی لەژێر مەترسی پەسندکرانی حوکمی ئێعدام یان جێبەجێ کردنی ئەم حوکمەدان.ئەو بەندکراوانەی کە پەروەندەکانیان دان پێدانانی زۆرەملی لەژێر ئەشکەنجەی تێدایەیان هیچ جۆرە بەڵگەیەکیانتێدا نییە. هەموو ئەم حوکمانە لە پشت دەرگای داخراودا، لە دادگای فەرمایشیدا، بە نهێنی، بە بێ بەشداری پارێزەر یان پارێزەرانی هەڵبژێردراو، دەرکراون و گەیشتوونەتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە

ئەمە تەنیا چارەنووسی کەسانی مەحکووم بە ئێعدام نییە. ڕۆژی پێنجشەممە سێ مانگی ڕەزبەر، "سومەیە ڕەشیدی" کرێکاری خەباتی و بەندکراوی سیاسی لە زیندانی قرچەکی وەرامین کە لە زۆر پێشترەوە لە زینداندا نەخۆش کەوتبوو، بەهۆی ڕێگریی بەرپرسانی زیندان لە دەستڕاگەیشتنی سەری وەخت بە خزمەتگوزاریی پزشکی گیانی لەدەستدا. ئەم کرێکارە بەندکراوە کە بەهۆی دەستکورتییەوە نەیتوانیبوو پارێز بگرێت و ئیمکاناتی بۆ وەدیعەی مەرەخەسیی ئیستعلاجی نەبوو، تەنیا بە تۆمەتی نووسینی دروشم لەدژی حکوومەت لە جەریانی بزووتنەوەی ژینادا، لە زینداندا ڕاگیرابوو. ناوبراو ڕۆژی سێشەممە یەکی ڕەزبەر بەهۆی سەختی نەخۆشییەکەیەوە، لە کاتێکدا کە کەوتبووە کۆماوە، ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا و لەوێ گیانی بەخت کرد. لەڕاستیدا مەرگی ئەم ژنە کرێکارە تێکۆشەرە هەروەک مەرگی شاهرۆخ زەمانی، بەکتاش ئابتین و جەمیلە عەزیزی، کە لە ڕێکەوتی ٢٨ی خەرمانانەدا بەهۆی نارەحەتی دڵەوە لە زیندان گیانی بەختکرد، جۆرێکی تر لە ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەتییە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و فشاری دەرەکی و ناوخۆییدا دەست و پێ لێدەدات، لەئاستی جیهانیدا زیاتر لە ڕابردوو کەوتووەتە پەراوێزەوە، ستراتیژی شەڕی پێشگیرانەکەی لە بەرامبەر هێرشی زەلیلکەری دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلدا تووشی بنبەست بووە، دەزگای ئیدئۆلۆژیکە وەرشکستەکەی توانای پاساوکردنی ئەو هەمووە هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییەی نییە و لەژێر فشاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ پێگەیەکی لەناو بیروڕای گشتیدا نییە، لە وەها بارودۆخێکدا شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و سات لە دوای سات جنایەت دەخوڵقێنێت. ئەم ڕژیمە بەنیازە لەوپەڕی داماویدا بە

پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی و ئێعدامی بەندکراوان، دەسەڵاتی ماشێنی سەرکوتەکەی بە ڕووی ئەو خەڵکەدا بکێشێت کە ترسیان لە دەسەڵات ڕژاوە و هاتوونەتە مەیدانی نەبەردەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕژیم ڕازی نین

کۆماری ئیسلامی قوربانییانی ئەو نیزامە کۆمەڵایەتییە زاڵمانەیەی کە خۆی بەسەر ژیانی زۆرینەی خەڵکیدا سەپاندووە، ئێعدام دەکات تا بەرپرسیارێتی خۆی لەئاست پێکهێنانی بەستێن و بارودۆخێک کە بەردەوام ئەمجۆرە تاوانانە بەرهەم دێنێتەوە، پەردەپۆش بکات. ئەو پاساوانەی بۆ جێبەجێکردنی سزای ئێعدام دەیهێننەوە درۆیەکی ئاشکران و هیچی تر. چونکە ئینسانەکان زاتەن تاوانکار و قاتڵ بەدنیا نایەن، بەڵکوو ئەوە بارودۆخی ماددیی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ئەوان بەرەو تاوانکردن دەبات و دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتدار بەرپرسی ڕاستەوخۆی داسەپاندنی ئەم بارودۆخە ماددیە بەسەر زۆربەی خەڵکدان. کەسانێک دەبێ سزا بدرێن کە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوان و جنایەتیان پێکهێناوە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بە ئەرکی هەمیشەیی خۆی دەزانێت و بەردەوام هەوڵی بۆ بدات. لەبارودۆخێکدا کە ڕژیم بەئاشکرا بە پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام بەشوێن ئامانجی سیاسیی دیاریکراوەوەیە، لە بارودۆخێکدا کە هەر ئێستا سەدان کەس لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە چاوەڕوانی حوکمی ئێعدامدا بەسەر دەبەن، گرینگی ئەم خەباتە چەند هێندە بووەتەوە. بەتایبەت لە کاتێکدا کە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" پێی ناوەتە ٨٨مین هەفتەوە و بەندکراوان لە ٥٢ زینداندا هەموو هەفتەیەک سێشەممانە لە ناڕەزایەتی دژبە سزای دژەئینسانی ئێعدام دەست دەدەنە مانگرتن، پێویستە بێباکانە و لێبڕاوانە ستایشی ئەم خەباتە بکرێت و بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام هەرچی زیاتر جەماوەری بکرێتەوە. بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە سزای ئێعدام دەتوانێ دەرفەتێکی دیکە بۆ گەشەپێدانی هوشیاری لەئاست ڕەهەندەکانی تاوانی کۆماری ئیسلامی و قۆناغێکی تر لە پەرەپێدانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام لە ئێران و سەرتاسەری جیهان بێت

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە!**

**بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ!**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

چوارشەممە ٩ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

یەکی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بۆ مەحکووم کردنی ئێعدامی ٧ بەندکراوی سیاسی لە ئەهواز و قزڵحەسار

بەرەبەیانی ١٢ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی، بۆ جارێکی تر ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ٦ بەندکراوی سیاسی بە ناوەکانی عەلی مەجدەم، مۆعین خەنفەری، سەید سالم مووسەوی، محەممەد ڕەزا موقەدەم، عەدنان غەبیشاوی و حەبیب دریسی لە خووزستان و سامان محەممەدی خیارەی خەڵکی سنەی بە تۆمەتی دارشتنی پلان بۆ تیرۆرکردنی مامۆستا شێخولئیسلام لەم شارە، لە بێدەنگیی میدیایی و لە ناو دیوارەکانی زینداندا ئێعدام کرد. ئەم جنایەتە بەپێی سیاسەتێکە کە لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، وەک یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی چینایەتی بورژوازی مەزهەبی بەکار هاتووە و هەتا ئێستا دەیان هەزار کەس لە چالاکانی سیاسی، شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست، ڕووناکبیران، جیابیران و تێکۆشەرەکانی بوارە جۆراوجۆرە



کۆمەڵایەتییەکان و تاوانبارانی ئاسایی لەناو زیندانەکاندا کردووەتە قوربانی. ئێعدام کوشتنی ڕێکخراوی دەوڵەتە کە لە خزمەت پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداریی ئێراندایە. ئێعدامەکانی ئەم دواییە لە ئەهواز و قزڵحەسار، درێژەی ڕاستەوخۆی هەمان سیاسەتی مێژوویین. دووپات بوونەوەی زنجیرەیەک لە جنایاتی حکوومەتییە کە ئامانجی تێکشکاندنی هێزی هوشیار و ڕێکخراوی جەماوەر و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگایە

ئێعدامی بەندکراوان و بەشێوەی دیاریکراو بەندکراوانی سیاسی، بۆ کۆماری ئیسلامی بووەتە زەرووەتێک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین قۆناغی تەمەنیدا بەسەر دەبات. قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، ئاکامی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، پرتووکاوی و وێرانی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی وزە، قەیرانی ژینگە، هەڵاوسان و گرانی بێسنوور، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دابین کردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای سالم، بێتوانا و دەرماندە کردووە. ئەم بارودۆخە و شکستی سیاسەتی ستراتێژیکی ناوچەیی و شکستی زەلیلانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی دوازدە ڕۆژە، چالاک بوونی مێکانیزمی ماشە، درێژەی حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی، قەیرانی حکوومەتی خستووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە. لەم بارودۆخەدایە کە بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە داخوازیی کرێکاران، خانەنشینان وپەرستاران و هەژارانی کۆمەڵگا، درێژە و گەشەی ئەم بزووتنەوانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی

ڕژیمی ئیسلامی بە شەپۆلی ئێعدامەکان و سەرکوتی سیاسی هەوڵ دەدات لە ڕەوتی گەشەی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییانە ڕێگری بکات. لەڕاستیدا ئێعدامی سیاسی ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بزووتنەوە ئیعترازی و کۆمەڵایەتییەکان، بەر لەوەیکە ببنە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و سیاسی لەدژی حکوومەت. بەڵام ناتەباییەکە لێرەدایە، هەموو جارێ کە ڕژیم پەنا بۆ پەتی سێدارە دەبات، لاوازیی خۆی زیاتر و ڕوونتر نیشان دەدات. لە بارودۆخێکدا کە پایە ئابوورییەکانی دەسەڵات لە قەیراندا نوقم بووە و بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر بوونەتەوە، سەرکوت ئیتر ناتوانێ وەک ڕابردوو کاریگەر بێت. هەر خوێنێکی ڕژاو، لە جیاتی بێدەنگی، تۆوی هوشیاری و خەبات و خۆڕاگریی تازە لەناو زەحمەتکێشاندا دەچێنێ

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و توانای دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان، نان، ئاو، بەرق و تەنانەت هەوای پاکی بۆ هەناسەکێشان نییە، شمشێری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. لەم بارودۆخەدا پێویستە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پەرەپێبدەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر، توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن. پێویستە پشتیوانی لە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام کە ئاڵاکەی لە ناو زیندانەکاندا بەرز کراوەتەوە زیاتر پەرەپێبدەین.

ناڕەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی زیندانییانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دوارۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئێعدامی ئەم ٧ بەندکراوە سیاسییە و دەربڕینی هاوخەمی و هاوسۆزی لەگەڵ بنەماڵەکانیان،ڕایدەگەینێت کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامە و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکات

**زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ**

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٢ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی بەندکراوانی قزڵحەسار و لەدژی ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی

بەپێـی ڕاپۆرتـەکان و دوایین ڕاگەیاندنـی کەمپەینـی سێشـەممەکانی نـا بـۆ ئێعـدام، لـە جەریانـی شـەپۆلی بەرینـی ئێعدامەکانـی ئـەم دواییـەدا، بەتایبـەت لـە زیندانـی قزڵحەسـار، ڕۆژی دووشـەممە ٢١ی مانگـی ڕەزبـەر، بـەدوای ڕەوانەکردنـی ژمارەیـەک لـە بەندکراوانـی واحـدی دووی قزڵحەسـار بـۆ ژووری تاکەکەسـی بەمەسـتی جێبەجـێ کردنـی ئێعـدام، بەندکراوانـی ئـەم بەشـە کـە زیاتـر لـە هـەزار و ٥٠٠ کەسـیان مەحکـووم بـە ئێعدامـن، دەسـتیان دایـە مانگرتـن و خۆراکـی زیندانیـان وەرنەگـرت و خوازیـاری گەڕانـەوەی هاوبەندەکانیـان بـوون. بەگوێـرەی ڕاپۆرتـە بڵاوکـراوەکان لـە زیندانـە جۆراوجـۆرەکان، تەنیـا لـە ٢٠ ڕۆژی سـەرەتای مانگـی ڕەزبـەری ئەمسـاڵدا، ١٦٢ بەندکـراو ئێعـدام کـراون و هەتـا ئێسـتا، واتـە لەمـاوەی ٦ مانـگ و بیسـت ڕۆژی سـەرەتای سـاڵی ١٤٠٤دا، زیاتـر لـە هـەزار کـەس ئێعـدام کـراون

مانگرتـن لـە خواردنـی بەندکراوانـی واحـدی ٢ی قزڵحەسـار، ناڕەزایەتـی لـەدژی ئـەم سیاسـەتە نامرۆڤانەیـە. بـەدوای ئـەم حەرەکەتـە بوێرانەیـەدا، بەندکراوانـی واحـدی ٤ی هەمـان زینـدان بـە دەرکردنـی بەیاننامەیـەک لـە هاوبەندەکانیـان پشـتیوانییان کـرد و بەندکراوانـی سیاسـی بەنـدی حەوتـی زیندانـی ئێڤینیـش بـە دەنگـی بـەرز پشـتیوانیی خۆیـان دەربڕی. ئـەم پشـتیوانییە لە پشـت دیوارەکانـی زینـدان، ڕەنگدانـەوەی ڕووحیـەی موقاومـەت لـە بەرامبـەر ماشـێنی سـەرکوتی حکوومەتـی سـەرمایەداریی ئیسلامییـە

زیندانـی قزڵحەسـار یەکێـک لـە گەورەتریـن ناوەندەکانـی جێبەجـێ کردنـی حوکمـی ئێعـدام لـە ئێرانـە. ئـەو جێیـەی مەترسیی مـەرگ هەڕەشـە لـە گیانـی زیاتـر لـە هـەزار بەندکـراو دەکات. ڕژیمـی جنایەتـکاری کۆمـاری ئیسلامـی بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە تاکتیکـی ئێعـدام دەیهـەوێ بەندکـراوان بترسـێنێت و کەشـوهەوای تـرس و تۆقانـدن لـە زیندانەکانـەوە بـۆ دەرەوەی زیندانـەکان بگوازێتـەوە، تـا بەڵکـوو لـەم ڕێگـەوە بتوانـێ کۆمەڵگا چاوترسـێن بـکات. بـەڵام درێـژەی کەمپەینـی سێشـەممەکانی نـا بـۆ ئێعـدام کـە ئێسـتا نەوەدومیـن حەفتـەی تێپەڕانـدووە و مانگرتـن لـە خـواردن و ناڕەزایەتیـی یەکگرتووانـەی بەندکراوانـی واحـدی ٢ی قزڵحەسـار، ئـەم سیاسـەتە نەخشـەمەندەی کۆمـاری ئیسلامییـان تووشـی شکسـت کـردووە. نـە بەندکـراوان و نـە کۆمەڵـگا چاوترسـێن نەبـوون. لەڕاسـتیدا بەندکـراوان بـە ئیعترازی یەکگرتووانـەی خۆیـان پەیامـی خۆڕاگـری و خەباتیان بـۆ دەرەوەی زیندانـەکان نـاردووە

ئێعـدام کوشـتنی ڕێکخـراوی حکوومـەت و مێکانیزمـی مانـەوەی ئـەو نیزامـە پرتووکاوەیـە کـە ڕەمـزی ڕاگرتنـی دەسـەڵاتەکەی لـە پەرەپێدانـی سـەرکوت و وەڕێخسـتنی شـەپۆلی ئێعدامـدا دەبینـێ. بـەڵام هـەر ئـەم سیاسـەتە خوێناوییـە، لەئێسـتادا بـەرەوڕووی شـەپۆلێکی تـازە لـە خۆڕاگـری بووەتـەوە. خۆڕاگرییـەک کـە لـە دڵـی زیندانەکانـەوە سـەرهەڵدەدات و شـەقامەکان دەگرێتـەوە

حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـە ناڕەزایەتیـی بەندکراوانـی قزڵحەسـار و لـە داخوازییـان بۆ هەڵوەشـاندنەوەی حکمـی ئێعدام پشـتیوانی دەکات. ئـەم خەباتـە، نـە ڕووداوێکـی سنووورداری نـاو زینـدان، بەڵکـوو بەشـێکە لـە خەباتـی گشـتیی خەڵکـی کرێـکار و زحمەتکێـش و ئازادیخـوازی ئێـران لـەدژی سـەرکوتگەری، سـتەم و هـەڵاواردن و نابەرابـەری. حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێران لـە بنەماڵەی بەندکـراوان، لـە هەمـوو ناوەنـدەکان، ڕێکخـراوەکان و چالاکانـی بزووتنـەوەی کرێـکاری، موعەلـیمان، پەرسـتاران، خانەنشـینان، خوێنـدکاران، ژنـان، هونەرمەنـدان و نووسـەرانی بەڵێنـدار و لـە خەڵکـی ئازادیخـوازی ئێـران داوا دەکات کـە بـە هـەر شـێوەیەک دەتوانـن پشـتیوانی خۆیـان لـە بەندکراوانـی قزڵحەسـار ڕاگەیەنـن. پشـتیوانی لـە بەندکراوانـی نـاڕازی، پشـتیوانی لـە گیانـی ئینسـان و دیفـاع لـە کەرامەتـی ئینسـانە

لـە بارودۆخێکـدا کـە ڕژیمـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە قەیرانـی قووڵـی ئابـووری، سیاسـی، ئیدئۆلۆژیـک و حکوومەتیـدا دەسـت و پـێ لێـدەدات و کۆمەڵـگای ئێرانـی خسـتووەتە ژێـر فشـاری گەڕانـەوەی گەمـارۆ نێونەتەوەییـەکان و هەڕەشـەی شـەڕی دەوڵەتـی ئیسرائیـل، وە لـە هەمـان کاتـدا لـە بەرامبـەر خەڵکـی ناڕازیـدا شمشـیری لـە ڕووەوە بەسـتووە و هەمـوو ڕۆژێ خەڵـک ئێعـدام دەکات، دەبـێ بـە هـەر شـێوەیەک کـە دەتوانیـن لـە بەرامبـەر ئـەم جنایەتـەدا سـەنگەربەندی بکەیـن و دەسـەڵاتی ئیسلامـی ئەشـکەنجە و ئێعـدام، ناچـار بـە پاشەکشـە بکەیـن.

پێویسـتە هەوڵ بدەین هەڵوەشـاندنەوەی سـزای ئێعدام و ئازادیی بەندکراوانـی سیاسـی بکەینـە خواسـتی هاوبەشـی بزووتنـەوەی کرێـکاری و هەمـوو بزووتنـەوە پێشـڕەوە کۆمەڵایەتییـەکان. ناڕەزایەتـی لـە دژی ئێعـدام و کوشـتنی لەئانقەسـتی دەوڵـەت، بـەدەر لەوەیکـە ئـەم سـزایە بـۆ لەناوبردنـی زیندانییانـی سیاسـی بێـت یـان تاوانبارانـی ئاسـایی، ئەرکـی هەمـوو ئـەو ئینسـانانەیە کـە ئاسـۆی ڕزگاری لـە دواڕۆژی ڕووخاندنـی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسلامـی مـژدە دەدەن

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی

١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# ٥ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی مامۆستا، وەبیرهێنەرەوەی عەزم و خەباتی مامۆستایانی جیهان

ڕۆژی یەکشـەممە ٥ی ئۆکتۆبـر بەرابـەر لەگـەڵ ١٣یڕەزبـەر، لەلایـەن ڕێکخـراوی پەروەردەیـی، زانسـتی و کولتـووری نەتـەوە یەکگرتـووەکان (یونسـکۆ) و ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کار (ئـای ئێـڵ ئـۆ) وەک ڕۆژی جیهانـی مامۆسـتایان دیـاری کـراوە

ڕێوڕەسـم و ئاکسـیۆنەکانی ئـەم ڕۆژە لـە سـاڵی ١٩٩٤ەوە بەڕێـوە دەچێـت. مامۆسـتایان وەک بەشـێک لـە چینـی کرێـکار و زەحمەتکێـش لەمـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا لـە خەبـات دژبـە سیاسـەتی ڕیازەتـی ئابـووری کـە لەلایـەن دەوڵەتـە سـەرمایەدارییەکانەوە سـەپاوە، لـە ئورووپـا و ئەمریـکا و شـوێنەکانی دیکـەی جیهـان دەورونەخشـێکی بەرچاویـان بینیـوە. بەپێـی ئامـاری یونسـکۆ، یـەک لەسـەر سـێی مامۆسـتایانی



جیهـان لەژێـر هێڵـی هەژاریـدا دەژیـن. ئەمـەش لـە کاتێکدایـە کـە سـەرمایەداران زانسـت وەک کاڵایـەک دەفرۆشـن و قازانجـی نجوومـی لـە زەحمـەت و ماندووویەتیـی مامۆسـتایان بەدەسـت دێنـن. ڕۆژی جیهانـی مامۆسـتا بـۆ کرێـکاران وەبیرهێنـەرەوەی بێمافـی داسـەپاو بەسـەر مامۆسـتایان، خەباتـی ئـەوان لـەدژی بـێ مافـی، بەسـەرکردنەوەی دەسـتکەوتەکان، پێویسـتی هاوپشـتی جیهانـی و بەرگـری لـە داخوازییەکانیانـە

لـە مێـژووی پـڕ لـە هـەوراز و نشـێوی خەباتـی مامۆسـتایانی ئێرانـدا ڕۆژی ١٢ی گـوڵان وەک ڕۆژی مامۆسـتا ناودێـر کـراوە. ٦٤ سـاڵ لەمەوبـەر لـە ڕۆژی ١٢ی گوڵانـی سـاڵی ١٣٤٠دا هـەزاران مامۆسـتا بـە داخوازیـی بردنەسـەری مووچـەی مانگانـە لـە مەیدانـی بەهارسـتان کۆبوونـەوە بـەڵام لەلایـەن هێزەکانـی پۆلیسـی ڕژیمـی دیکتاتـۆری سـەڵتەنەتی پەهلـەوی هێرشـیان کرایـە سـەر. لـەو ڕۆژەدا ئەبولحەسـەن خانعەلـی مامۆسـتای تێکۆشـەر لـە تـاران درایـە بـەر گولـلە و گیانـی لەدەسـتدا. لـە ڕێکەوتـی ١٨ی گوڵانـی هەمـان سـاڵدا، کۆبوونـەوەی بەرینـی مامۆسـتایان، بـە دەرکردنـی بڕیارنامەیـەک ڕۆژی ١٢ی گوڵانـی بـە یـادی مانگرتنـی مامۆسـتایان و ڕێزگرتـن لـە یـادی دوکتـور خانعەلـی، وەک ڕۆژی مامۆسـتا ڕاگەیانـد. حکوومەتـی پەهلـەوی لەژێـر گوشـاری خەباتـی مامۆسـتایاندا ئـەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی مامۆسـتا بەفەرمـی ناسـی

بـەڵام لـە پشـت ٥ی ئۆکتۆبـر، ڕۆژی هاوپشـتی جیهانـی مامۆسـتایان، واقعییەتـی چینایەتـی هەیـە. مامۆسـتایەتی، وەک پیشـەیەکی سـەرەکی لـە بەرهەمهێنانـەوەی هێـزی کار و

فەرهەنگی کۆمەڵگا، لە جەرگەی کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بووە. لە ئەمریکای لاتینەوە هەتا ئورووپا و لە ئاسیاوە هەتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندنگاکان نەک هەر شوێنی پەروەردە، بەڵکوو مەیدانی موقاومەت و ناڕەزایەتی لەدژی نابەرابەری ودەسەڵات بوون. لە شیلی و ئارژانتین، مانگرتنی مامۆستایان لەدژی سیاسەتی ڕیازەتی و بەتایبەت کردنی پەروەردە، بەشێک لە بزووتنەوەی جەماوەری لەدژی نیولیبرالیسم بوو. لە ئەمریکا شەپۆلی "مانگرتنی سوور" لە ئەیالەتەکانی وەک ویرجینیا و ئۆکلاهاما نیشانی دا کە مامۆستایان دەتوانن ببنە هێزێکی گەورەتر لە سینفی خۆیان. لە فەڕانسە بەشداری مامۆستایان لە ناڕەزایەتییەکان لەدژی یاسای کار و سیاسەتەکانی مەکرۆن، نیشانی دا کە خەباتی مامۆستایان بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتێکی چینایەتی بەرینتر. لە هێند و پاکستان، مانگرتنی مامۆستایان پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ بزووتنەوەی گوندنشینان و کرێکاران هەیە و نیشانی دەدات کە مەدرەسە بووەتە سەنگەری هاوبەش بۆ خەبات و خۆڕاگری. ئەم حەقیقەتانە پێمان دەڵێن کە مەدرەسە تەنیا شوێنێک بۆ پەروەردە و گواستنەوەی زانست نییە، بەڵکوو بوارێکە بۆ شکڵدان بە هوشیاریی چینایەتی و ئیمکانی ڕزگاریی بەکۆمەڵ

لە ئێرانیش مامۆستایان سەرەڕای پاکتاوکردن، فشاری پۆلیسی، گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدام، بەشێکی دانەبڕاو بوون لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا. خەباتی مامۆستایان سەرەڕای گوشاری بەردەوام و ڕەشبگیری چالاکانیان، هەم لە بواری شێواز و هەم لە بواری دروشم و داخوازییەوە، بەشێوەی بابەتی لەو چوارچێوە بەرتەسکانەی کە هێندێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی لایەنگری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی پێناسەیان کردبوو، یەکجار واوەتر چووە و هەرچی زیاتر ناوەرۆکی سیاسی و ڕادیکاڵی بەخۆوە گرتووە

لەڕاستیدا دوای ئاخێزە سەرانسەرییەکانی بێبەشانی شار لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ کە بەناوی ڕەمزی ژیناوە دەستیپێکرد، بزووتنەوەی داخوازیی مامۆستایانیش بەردەوام قووڵتر و بەرینتر بووەتەوە. ئەم ئاخێزانە بارودۆخی سیاسییان بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی داخوازیی کرێکاران و مامۆستایان و بێبەشان گۆڕی و خاڵی وەرچەرخان بوون لە پەرەپێدان و قووڵترکردنەوە و سیاسیترکردنەوەی ئەم بزووتنەوانە. لەم قۆناغەدا بەو هۆیەی کە ناڕازییان بەباشی لەوە گەیشتوون کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان لە ئاستی بەریندا بوونی نییە، ناڕەزایەتییەکانیان پانتایی سیاسی بەخۆوە گرتووە و گشت ڕژیمی ئیسلامی دەبەنە ژێر پرسیارەوە. مامۆستایانی ئێران بە بەرپاکردنی چەندین مانگرتن و ناڕەزایەتی سەراسەری وێڕای ڕاگەیاندنی هەڵوێستی لێبڕاوانە بەرامبەر بە هێرشی ڕژیم بۆسەر ژنان و بە وتنی "نا"یەکی بەهێز بە شانۆی هەڵبژاردنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، زەرفیەت و تواناکانی خۆیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا نیشان داوە. مامۆستایان پایەیەکی سەرەکی بوون بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازییە لانیکەمەکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە: ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، جیایی دین لە دەوڵەت و سیستەمی پەروردە،خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و بردنەسەری حەقدەست و مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی ڕێگریکردن لە خسووسی سازی و کاڵایی بوونی پەروەردە و دەرمانی بەخۆڕایی و هتد

مامۆستایانی ئێران لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا نیشانیان داوە کە زەرفییەتێکی بەرینیان لە بواری ڕێکخستن و هاوپشتیدا هەیە. کۆبوونەوە، ناڕەزایەتی و بەرنامە جەمعییەکانیان، مەدرەسەکانی کردووەتە مەیدانی ئیعتراز و مافخوازی. ٥ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی مامۆستا دەرفەتێکە بۆ پەیوەندانی خەباتی مامۆستایانی ئێران لەگەڵ بزووتنەوە جیهانییەکانی دژی سەرمایەداری و خسووسی سازی و سەرکوت. بێگومان پەروەردەی ڕاستەقینە تەنیا بە یەکڕیزی، هاوپشتی و کردەوەی بەکۆمەڵ دێتە دی. پێشڕەویی خەباتی مامۆستایان بۆ داسەپاندنی داخوازییەکانیان لەگرەوی یەکڕیزی و هاوپشتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لەگرەوی گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و سەرتاسەری کردنەوەی زیاتری ئەم ناڕەزایەتییانەدایە

❊❊❊

# پێشڕەویی خەباتی پەرستاران لە گرەوی یەکگرتوویی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاریدایە

## "پەرستار دەمرێ بەڵام سەرشۆڕی و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات"

لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا، زیاتر لە ٤٠ پەرستاری ناڕازی لەسەر کار دەرکراون یان کارەکانیان ڕاگیراوە و لانیکەم ٩ خۆکوژیی پەیوەندیدار بە بارودۆخی تاقەت پڕووکێنی کاری پەرستاری لە ئێراندا تۆمار کراوە. زیاتر لە ٧٠ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا بەڕێوەچووە. هاواری ناڕەزایەتی پەرستاران دەنگدانەوەیەکی قووڵی قەیرانی پێکهاتەیی لە سیستەمی تەندروستیدایە؛ قەیرانێک کە ژیان و کار و بژێوی پەرستارانی خستووەتە گرەوی قازانجی نەخۆشخانە خسووسییەکان و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکوومەت

خەباتی پەرستاران لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران نیشانەی دەستپێکی پرۆسەیەکی هۆشیارانەترە لە خەباتی ئەم بەشە لە چینی کرێکاری ئێراندا. ئەم ناڕەزایەتییانە تەنها داواکاری ڕاگرتنی کاری ئیزافی یان یاسای تەعرەفەگوزاری نین. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان کرێکار و سەرمایە لە کەرتی تەندروستی ئێراندایە. پەرستاران بە دەنگی بەرز هۆشداری دەدەن کە ژیانی مرۆڤ دەکرێتە قوربانی لۆژیکی قازانج و نادادپەروەری لە سیستەمێکدا کە تەندروستی وەک کاڵا دەبینێت. لە کاتێکدا کە تێچووی بژێوی ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان گەیشتووەتە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن تمەن، زۆرێک لە پەرستاران حقووقێکی زۆر کەمتر وەردەگرن. بۆشاییەک کە بەرهەمی سیاسەتی سەرمایەدارانە و ڕیازەتی دەوڵەتەکانە کە بە دروشمی "ئیسلاحی بوودجە" هەزینەی گشتییان کەم کردووەتەوە. هەڵاوسان و نائەمنی کار و نەهێشتنی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پەرستارانی خستووەتە ڕیزی هەژارانەوە. بەشێکی زۆریان ناچارن بۆ قەرەبووکردنەوەی داهات، ئیزافە کاری ئیجباری قبووڵ بکەن و خۆیان بخەنە ژێر فشاری کاری قورسەوە. نیزامی تەندروستی ئێران، کە دەبێ شوێنێک بۆ پاراستنی ئینسان بێت، بووەتە مەیدانێک




بۆ قازانج پەرستی شیرکەتەکانی دەرمان، بیمە و نەخۆشخانە. خسووسی سازییەکانی دەرمان، نەخۆشخانەکانی کردووەتە بۆنگایەک بۆ قازانج و کاری پەرستاران بووەتە ئامرازی بەرهەمهێنانی ئەرزشی ئیزافە بۆ سەرمایەداران. حەقدەستی کەمی پەرستاران لەگەڵ قازانجی کەرتی تەندروستی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. هەر سەعاتێک کاری بێ حەقدەست، سوودێکی زیاتر دەخاتە گیرفانی بەرپرسانەوە

داخوازیی کرێکاران بە دروشمی "پەرستار دەمرێ بەڵام سەرشۆڕی و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات" بریتییە لە ٨ خاڵی گرینگ. تەعرەفەگوزاریی واقعی، لابردنی ئیزافەکاری ئیجباری، بردنەسەری حقووق بەپێی هێڵی هەژاری، بردنەسەری ئیمتیازی سەختیی کار، ئیسلاحی تەعرەفەی پێشبیمارستانی، دامەزراندنی ڕەسمی، جێبەجێ کردنی یاسای پیشە سەختەکان و پێدانی مەزایای جانبی. ئەگەرچی ئەم داخوازییانە ئابوورین، بەڵام هێرشی دەوڵەت و سەرمایەدارانی خسووسی بۆسەر ژیان و گوزەرانی پەرستارانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. پەرستار لە پێکهاتەی سەرمایەداریی ئێراندا لەژێر هەڵاواردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدایە. پەرستاران هەم سڵامەتی کۆمەڵگا دەپارێزن و هەم بە خۆڕایی ئەرک و کاری ناوماڵیان لەسەر شانە. جیاکاری لە پێدانی حەقدەست، نەبوونی ئیمکانی بەرزبوونەوەی پلە، بێڕێزی لە شوێنی کار و بایەخ نەدران بە ئەمنیەتی پیشەی ژنانی پەرستار چەند نموونە لەم هەڵاواردنانەن. ژنی پەرستار هاوکات قوربانی چەند جۆر ستەمە: ستەمی چینایەتی، جنسییەتی، و لەو ناوچانەی کە ستەمی نەتەوەیی و ئایینیش بوونی هەیە، بارودۆخیان دژوارترە. بەم حاڵەوە، بەشداری بەرچاوی ژنانی پەرستار لە

کۆبوونەوەکاندا، دیمەنێک لە دەورونەخشی پێشەنگی ژنانە و نیشانەی پەیوەندی خەباتی ئابووریی ئەوان لەگەڵ خەبات بۆ کەرامەتی ئینسانی و بەرابەریی جنسیەتییە

وەزارەتی تەندروستیی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران، بە سیاسەتێک کە ناوی ناوە "مودیرییەتی هەزینەکان"، بەکردەوە بووەتە هۆی پەرەسەندنی چەوسانەوەی کادری دەرمان. نیزامی بوودجەیی کە بەپێی داهاتی تایبەتی نەخۆشخانەکانە، پەرستاران مەجبوور دەکات کاری زیاتر بە حەقدەستی کەمتر ئەنجام بدەن. قەراردادی کاتی، پەیمانی و شیرکەتی، ئامرازی




چەوساندنەوەن و پەرستار بەناچار بۆ پاراستنی پیشەکەی، ئیزافە کاریی ئیجباری قبووڵ دەکات و دەبێتە قوربانیی مەنتقی سەرمایەداری کە ئیتاعەتی خستووەتە جێگای کەرامەتی ئینسانی. ئیعترازاتی چەند مانگی ڕابردوو نیشانیدا کە پەرستاران بە ئیسلاحاتی ورد ڕازی نین و داخوازیی پیشەییان بووەتە دروشمی سیاسی و دژی هەڵاواردن. ئەم گۆڕانکارییە، بە شکڵ گرتنی هوشیاریی چینایەتی پێناسە دەکرێت و هاوەدەنگی لەگەڵ کرێکارانی نەوت، موعەلیمان و خانەنیشنان، سەلمێنەری خەباتی هاوبەشی چینی کرێکارە. هیچ خەباتێک بۆ داخوازیی ئابووری لە گۆشەگیری و ئینزوادا سەرناکەوێ. یەکگرتوویی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هێزی کار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و ژنانی زەحمەتکێش، ڕەمزی سەرکەوتنە

یەکگرتوویی پراکتیکی، هەروەک مانگرتنی هاوئاهەنگ دەتوانێ هاوسەنگی هێز بگۆڕێت و ببێتە زمانی سیاسی کرێکاران. ئەگەر بزووتنەوەی پەرستاران لە چوارچێوەی وەزارەتی تەندروستی تێپەڕێت و لە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاریدا درێژەی بێت، توانای گەڵاڵەکردنی داخوازیی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی دەبێت. ئەزموونی ڕێکخراوەکانی شۆرای هاوئاهەنگی موعەلیمان و پەرستاران سەلماندی کە تەنیا ڕێکخراوەی شۆرایی سەربەخۆ، دەنگی ڕاستەقینەی زەحمەتکێشانە. چالاکان و پێشڕەوانی چەپ و کۆمۆنیست پێویستە لەسەر بەستێنی خەباتی پەرستاران، لە سازماندانی ئەم خەباتە و لە یەکگرتوویی و هاوپشتی ئەوان لەگەڵ باقی بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا یارمەتیدەر بن. هاواری پەرستاران دەنگدانەوەی مێژووی خەباتی هەموو ئەو کەسانەیە کە ژیان دەفرۆشن تا زیندوو بمێننەوە. لە قووڵایی ئەم خەباتەدا، هوشیاری چینایەتی و ڕەگەزی لە حاڵی سەرهەڵداندایە. هۆشیارییەک کە نەخۆشخانە بە شەقام و مەدرەسە و کارخانە پەیوەند دەدات و هیچ بەشێک لە کۆمەڵگا ناخرێتە پەراوێزەوە. بێگومان، داهاتووی ئەم بزووتنەوانە لە گرەوی ڕێکخستنی ڕادیکاڵ و سەربەخۆ و شکڵدان بە ڕێبەریی سەرتاسەریدایە

❊❊❊

# پەسندکردنی دو گەڵاڵەی ئەمنیەتی، نیشانەی ترسی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، دوو گەڵاڵە بۆ پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام

دوای شکستی گفتوگۆی نێوانئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر مەسەلەی ئەتۆمی، کە چالاک بوونی مێکانیزمی ماشەی لێکەوتەوە، نیگەرانی سەرانی حکوومەتی ئیسلامی لەئاست چارەنووسی ڕژیم زیاتر بووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابووری لاواز ومایەپوچبونی کۆماری ئیسلامی لەژێر کاریگەریی دەرئەنجامەکانیدا زیاتر داڕما و بەهای تمەن بەرامبەر بە دۆلار و دراوەکانی دیکە بە شێوەیەکی بێ وێنە دابەزیوە. تا ئەو ئاستەی کە نرخی یەک دۆلار ١١٨ هەزار تمەنی تێپەڕاندووە و لە ئەنجامدا نرخی هەموو کەرەستەی خۆراکی و پێداویستییەکانی دیکەی ڕۆژانەش بە هەمان ڕێژە بەرزبووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەوتووەتە پەراوێزەوە و لەسەر ئاستی ناوچەییش لەگەڵ لێکهەڵوەشان و لەدەستدانی ئەو هێزانەی کە ناوی نابوو "میحوەری موقاومەت"، هیچ کارتێکی بۆ زۆروێژی و زیادەڕەوی لە دەستدا نییە

لە لایەکی دیکەوە مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و خانەنشینان و مامۆستایان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە هۆی خراپتربوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسییەوە بەردەوام تەشەنە دەکات و ڕژیم لە بەرامبەر داواکارییەکانیاندا لە چاو ڕابردوو بێدەسەڵاتتر و داماوترە. چونکە لەمەودوا داهاتی فرۆشتنی ڕۆژانەی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوتیش بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە و دەورلێدانەوەی گەمارۆکان دژوارتر دەبێتەوە. چونکە پابەندبوون بە گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە ئیجباری دەبێت. ئەم بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ هەڕەشەی ڕۆژانەی هێرشی نیزامی ئیسرائیل و ئەمریکا، خامنەیی و سەرکردەکانی دیکەی ڕژیمی ئیسلامی لەئاست چارەنووس و داهاتووی خۆیان و حکوومەتەکەیان یەکجار نیگەران کردووە

لە ئاوا هەلومەرجێکدا حکوومەتی ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی لە بەرامبەر ئاخێزێکی گشتی و سەرتاسەری، لە بەرامبەر مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران، پەنای بردووەتە بەر تاکە ئامرازی بەردەستی، واتە سەرکوت و ئێعدام و زیندان. تا بە خەیاڵی خۆی بە پەرەپێدانی فەزای ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگا، کرێکاران و خەڵکی بێبەش لە مانگرتن و ناڕەزایەتی بترسێنێ. ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی ١٠ی مانگی خەرمانانی ئەمساڵ هەتا ٨ی مانگی ڕزبەر زیاتر لە ١٧١ بەندکراوی بێدیفاعی ئێعدام کردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان بڵاوکرایەوە: "کۆماری ئیسلامی لەدوای شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، شەپۆلێکی نوێی لە سەرکوت و ئێعدام لە ناوەوە دەستپێکردووە و بەبیانووی ئەمنیەتی میللی دەستی داوەتە تاوانگەلێک کە بەرینایییەکەی وەبیرهێنەرەوەی تاریکترین قۆناغەکانی مێژووی سەردەمی ئێرانە". لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە لە ٢٣ی جۆزەردانەوە بەرەوە ئەملا ٢١ هەزار کەس لەوانە نەیارانی سیاسی، ڕۆژنامەوانان و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بنەماڵەی قوربانییانی ناڕەزایەتییە گشتییەکان و تەنانەت کەسانی بیانی دەستبەسەر کراون.

بۆ ڕەسمییەت دان بەم جنایاتە، ڕۆژی چوارشەممە ٩ی ڕەزبەر




وتەبێژی شۆرای نیگەهبانی ڕژیم باسی لە پەسندکردنی دوو گەڵاڵە کرد. کە بریتین لە: گەڵاڵەی "پەرەپێدانی سزای ئێعدام بۆ سیخوڕی و هەرجۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئیسرائیل" و گەڵاڵەی "سازماندانی فڕۆکەی مەدەنی کۆنترۆڵکراو لە دوورەوە یان درۆن". بەپێی ئەم دوو گەڵاڵەیە هەرجۆرە سیخوڕی و هاوکارییەک لەگەڵ دەوڵەت و گرووپە دوژمنەکان و وەرگرتنی پارە لێیان، بە فسادی فیلئەرز پێناسە دەکرێت. هەروەها لە گەڵاڵەی پەیوەندیدار بە سازماندانی فڕۆکەی مەدەنیدا، دروستکردن، موعامەلە کردن، ڕاگرتنی درۆن و ڕۆباتی هوشمەند و هێرشی سایبێری و هیتر بە تاوان دەناسرێت و سزای بۆ دیاری دەکرێت.

ئەم دوو گەڵاڵەیە ٨ی مانگی پووشپەڕ، ٦ ڕۆژ دوای کۆتایی شەڕی ١٢ ڕۆژە لەلایەن مەجلیسەوە پەسند کرابوو و بۆ شۆرای نیگەهبان نێردرابوو. فتوای شەرعییە کەشیان لەناسر مەکارمی شیرازی، مەرجەعی تەقلیدی کۆنەپەرست و جنایەتکاری ڕژیم وەرگرت کە وتبووی: "بۆ هەر کەس کە هەڕەشە لە دەسەڵاتی ڕابەر دەکات، حوکمی مەحارب و فسادی فیلئەرز دەردەکرێت".بە وتەی وتەبێژی شۆرای نیگەهبان ئەوەیکە کام دەوڵەت و گرووپ "دوژمن" بە حیساب دێن، شۆرای ئەمنیەتی میللیی ڕژیم دیاری دەکات. وەزارەتی ئیتلاعاتیش بەرپرسی ناساندنی تۆڕەکانی دوژمنە. بێگومان ئیسرائیل تۆڕێکی بەرینی جاسووسی و تەبلیغی لە ئێراندا هەیە. بەڵام جاسووسانی ئیسرائیل لە ناو ئێران،

نـە خەڵکـی تێکۆشـەر و ڕۆژنامەوانـان و بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و هـیتر، بەڵکـوو بەرپرسـان و مەقاماتـی دز و گەندەڵـی سـەرەوەی حکوومەتـی ئیسلامیـن کـە لەناودەوڵـەت و سـپای پاسـداران و ناوەندەکانـی دیکـەی دەسـەڵاتدان. ئـەوان بەکرێگیراوانـی نـاو حکوومەتـن کـە زانیاریـی ورد و سـات لـەدوای سـات بـە دەوڵەتـی ئیسرائیـل دەدەن. لـە بەشـێکی دیکـە لـەم یاسـایەداباس لـەوە کـراوە کـە کاری سیاسـی، فەرهەنگـی، میدیایـی و تەبلیغـی، ناردنـی گرتـە ڤیدیـۆ و وێنـە کـە دەبێتـە هـۆی لاوازبوونـی ڕووحیـەی گشـتی و تەفرەقـە، ڕێپێـوان و کۆبوونـەوە لـە کاتـی شـەڕدا بـە تـاوان دەناسرێـت و سـزای بـۆ دیـاری دەکرێـت.

لـەم گەڵاڵانـەدا هەروەهـا بـاس لـەوە کـراوە کـە بەدواداچـوون بـۆ ئـەم تاوانانـە بـەدەر لـە نـۆرە، لـە لقـە تایبەتەکانـی دادگای ئینقلابـدا ئەنجـام دەدرێـت. ناوەڕۆکـی ئـەم یاسـایانە دەرخەری



ئاسـتی تـرس و وەحشـەتی سـەرانی ڕژیـم لـە سـەرهەڵدانی ئاخێزێکـی گشـتی و سەرتاسـەرییە. ئاخێزێـک کـە بیسـاتی ڕژیم بـۆ هەمیشـە کۆبکاتـەوە. کۆمـاری ئیسلامـی بـە پەسـند کردنـی ئەمجـۆرە یاسـایانە دەیهـەوێ لـە بەیانـی حەقیەقەتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان و ئیفلاسـی ئابووریـی حکوومەتەکـەی ڕێگـری بـکات. بـەڵام بێگومـان ئـەم ڕژیمـە ناتوانـێ بـە پەرەپێدانـی ئێعـدام و زینـدان و ئەشـکەنجە درێـژەی دەسـەڵاتەکەی زەمانـەت بـکات. ناتوانـێ بـە پەسـندکردنی یاسـا،بە پەرەپێدانـی ئێعـدام و بـە توندکردنـەوەی یاسـای سـەرکوت و سانسـۆڕ، لـە ئاشـکرابوونی قەیرانـی قووڵـی ئابـووری و شکسـتی زەلیلانـەی ستراتێـژی و سیاسـتەکانی ڕێگـری بـکات. بـەڵام وەهـا بارودۆخێـک ئەگـەر بووەتـە هـۆی تـرس و نیگەرانـی و لاوازیـی ڕژیـم، بـۆ جەمـاوەری کرێـکار و زەحمەتکێـش دەرفەتێکـە تـا بـە پەرەپێدانـی مانگرتـن و ناڕەزایەتـی، بـە پەیوەنـدی خەبـات لەئاسـتی سەرتاسـەری و بـە شـکڵ دان بـە ڕێبـەری واحـد، بـەرەو ڕووخاندنـی شۆڕشـگێڕانەی ڕژیمـی تاوانـکاری کۆمـاری ئیسلامـی هەنـگاو هەڵگـرن.

❊❊❊

# ژنکوژی، ڕوخساری سامناکی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە نیزامی ئیسلامیدا

بەپێـی ڕاپۆرتـە بڵاوکـراوەکان ڕۆژی شـەممە ٢٦ی مانگـی ڕەزبەری ١٤٠٤، نزیـک بـە کاتژمێـر ٦ی دوای نیـوەڕۆ پیاوێـک بەنـاوی ئومیـد تاهیـری لـە ناوچـەی گوڵشـەهری مەشـهەد، هاوسـەرەکەی بـە ١٧ زەربـەی چەقـۆ لـە حـزووری کـوڕە تازەلاوەکەیـدا کوشـت و دواتـر ڕایکـرد. بیانـوی ئـەم پیـاوە بـۆ ئـەم قەتڵـە، داواکاریـی جیابوونـەوەی ژنەکـە ڕاگەیەنـدراوە. بەپێـی ئامـارەکان لـە شـەش مانگـی سـەرەتای سـاڵی ١٤٠٤دا، لانیکـەم ٦٠ ژن لـە ئێـران قوربانـی قەتڵـی نامووسـی و ژنکـوژی بـوون و زۆربەیـان بەدەسـتی هاوسـەر، بـاوک یـان کەسـوکاری پیـاو کـوژراون. بەپێـی ئامـاری ناوەنـدی ئامـاری هرانـا، لـە سـاڵی ١٤٠٣دا لانیکـەم ١٥٨ حاڵەتـی کوشـتنی ژن تۆمارکـراوە. لـەو ژمارەیـەش ١٢٥ حاڵـەت بـە هـۆکاری نادیـار یـان ناکۆکـی خێزانـی و ٣٣ حاڵەتیـش وەک قەتڵـی نامووسـی تۆمارکـراون. سـەرەڕای ئـەوەش، لـە هەمـان سـاڵدا ١٦ هـەزار و ٥٦٧ حاڵەتـی توندوتیـژی خێزانـی دژی ژنـان تۆمارکـراوە. ئامارێکـی دڵتەزێـن کـە ئامـاژەن بـۆ زیادبوونـی بەرچـاوی توندوتیـژی خێزانـی و نەبوونـی پاراسـتنی یاسـایی و کۆمەڵایەتـی ژنانـە. زۆربـەی ئـەم کوشـتنانە لـە پارێزگاکانـی تـاران، خوراسـان، کرماشـان و فـارس تۆمارکـراون. ئـەم ئامارانـە وێنـەی کۆمەڵگایـەک نیشـان دەدەن کـە ژنکـوژی لـە پێکهاتـەی زاڵـی ئابـووری، سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە سـەرچاوە دەگـرن. لـەو شـوێنەی کـە سـوڵتەی سـەرمایەداری لەگـەڵ سـوڵتەی ئیـسلام تێکـەڵ بـووە. لـەم پێکهاتەیـەدا، قەتڵـی نامووسـی، شـێوەیەکی قیزەونـی دیفـاع لـە خاوەندارییەتییـە. ئـەو خاوەندارییەتییـەی کـە نـە بەسـەر زەویـدا، بەڵکـوو بەسـەر جەسـتە و ژیانـی ژنـدا دەسـەپێت. ژنکـوژی یانـی سـڕینەوەی ژنێـک کـە لـە بازنـەی ئیتاعـەت دەچێتـە دەر. ژنێـک کـە هەڕەشـە لـە نەزمـی بنەماڵـە و نیزامـی ئاپارتایـدی ڕەگـەزی زاڵ دەکات. ژنـان لـە چوارچێـوەی ماڵـدا وێـڕای ئاگالێبـوون لـە منـداڵان، خزمـەت بـە هاوسـەر و کۆمـەک بـە بەرهەمهێنانـەوەی هێـزی کار و بەرهەمهێنانـەوەی نەسـلی داهاتـووی کرێـکاران، دەبـێ لـە "ئابـڕوو"ی بنەماڵـەش پارێـزگاری بکـەن. لـەم پێکهاتەیـەدا، پیـاو نەقشـی خـاوەن ماڵـی هەیـە. کۆنتـڕۆڵ، ئینزبـات و ئیتاعـەت دەسـەپێنێت تـا پێکهاتـەی ئابـووری و ئەخلاقـی ئێسـتا بـەردەوام بێـت.

یاسـا لـە نیزامـی سـەرمایەداری ئیسلامیـدا، ئامرازێکـە بۆ پاراسـتنی نەزمـی ئێسـتا و درێـژەی سـوڵتەی جنسـییەتی. کاتێـک بـاوک، بـرا، مـام، کـوڕی مـام یـان شـوو بەخاتـری کوشـتنی ژن تەنیـا بـەرەوڕووی چەنـد سـاڵ زینـدان دەبنـەوە، دەسـەڵات لەڕاسـتیدا ڕایدەگەیەنێـت کـە گیانـی ژن کـەمتر لـە "ئابـڕووی پیـاو" ئەرزشـی هەیـە. ئیدئۆلـۆژی ڕەسـمیی ڕژیـم بـە پێکهاتـەی سـەرمایە و مەزهـەب، پیاوسـالاری لەئاسـتی فەرهەنگیـدا بەرهـەم دێنێتـەوە. لـەم وتـارەدا، ژن "نامـووس"ە نـەک ئینسـان. "دایـک یـان خوشـک"ە، نـەک هاووڵاتـی. پـەروەردەی فەرمـی، لـە مەدرەسـەوە هەتـا میدیـا، ژن وەک بەڵێنـدار بـە عیفـاف، وەک گوێڕایـەڵ و وەک دایـک نیشـان دەدەن. وە هـەر ژنێکـی سـەربەخۆ کـە ئـەم سـنوورانە تێپەڕێنـێ، بـە هەڕەشـە بـۆ نەزمـی کۆمەڵایەتـی دەزانـن

لـە کلتـووری بـاودا زۆرجـار بـە بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی ”قەتڵـی نامووسـی“ پانتایـی کارەسـاتەکە تـا ئاسـتی ئەنجامدرانـی قەتڵێـک دێننـە خـوارێ. لـەو جێگـەوە کـە یاسـاکانی کۆمـاری ئیسلامـی سـزای قـورس بەسـەر کەسـانێکدا کـە ”قەتڵـی نامووسـی“ ئەنجـام دەدەن ناسـەپێنێت، هـەر ئـەم بابەتـە خـۆی یەکێـک لـەو هۆکارانەیـە کـە ڕێگـە بـە پیـاوان دەدات تـا دەسـت بدەنـە وەهـا کردەوەیەکـی دژەئینسـانی و جەنایەتکارانـە. قەتڵـی نامووسـی، نـاوی ڕەمـزی ئـەو سـوننەت و یاسـا دژەژنانەیـە کـە ڕێگـە بـە پیـاوان دەدات تـا لەژێرنـاوی یاسـا و سـوننەتەکانەوە



کـرداری جەنایەتکارانـەی خۆیـان پاسـاو بکـەن. ئـەم ژنانـە بـە هـۆکاری بەنـاو ”لکـەدار کردنـی شـەرافەتی بنەماڵـەی خۆیـان“ سـزا دەدرێـن. هەڵبـەت دەسـتەواژەی لکـەدار کردنـی شـەرافەتی بنەماڵـە بەڕواڵـەت بابەتێکـی ئەخلاقییـە و ناکـرێ حـەد و سـنوورێکی بـۆ دیـاری بکرێـت. لەخـۆڕا نییـە کـە لـە نەریتـی کۆمەڵـگای پیاوسـالار و یاسـاکانیدا ئـەم دەسـتەواژەیە بـۆ زۆر بـوار بـەکار دەهێندرێـت. بـۆ نموونـە لـە بوارەکانـی مـل نـەدان بـە هاوسـەرگیری ئیجبـاری، قوربانیبوونـی دەسـتدرێژیی سێکسـی، تـەڵاق وەرگرتن(تەنانـەت لـە شـوویەکی نەشـیاو)، پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەر یـان بـە ئیدیعـای پاسـەوانانی دیـن ”زینـا کـردن“. بـۆ ئەوەیکـە ژنێـک ببێتـە قوربانـی جەنایاتـی نامووسـی، تەنیا هـەر ئەوەنـدە بەسـە تا گومانـی ئـەوەی لەسـەر بێـت کـە ئابـڕووی بنەماڵـەی بـردووە

ئەوەیکـە بوبـە کـوژەکان لـە هـەرکام لـەم قەتڵانـەدا کامە پاسـاوی بەنـاو ئەخلاقـی دەکەنـە چاشـنیی کـردەوەی جەنایەتکارانەیـان ڕەنگبـێ زۆر گرینـگ نەبێـت، بـەڵام ئەوەیکـە گرینگـە باسـی لـێ بکرێـت ئـەو سـوننەت و یاسـایانەن کـە دەسـتی پیـاوان بـۆ ئەنجامدانـی وەهـا جەنایاتێـک ئاواڵـە دەهێڵێتـەوە. هەربۆیـە دەبـێ بچینـە سـۆراغی هەمـوو یاسـا و سـوننەتەکان. دەبـێ بڕۆینە سـۆراغی هەمـوو ئـەو فاکتۆرانـەی کـە بـە پیـاوان ڕێگـە دەدات تـا

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

لەژێرناوی دین و یاسای شەرع و یان بەناوی سوننەت، وەک کاڵایەک چاو لە ژنان بکەن و خۆیان بەخاوەنیان بزانن و ڕێگە بەخۆیان بدەن بە حوکمی ئەم خاوەنداریەتییە هەموو کردەوەیەکی نامرۆڤانە دژبە ژنان پاساو بکەن

لە ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، لەگەڵ پێکهاتەیەک لە هەموو ئەم فاکتۆرانە بەرەوڕووین. دین، سوننەتی کۆمەڵگای پیاوسالار، نیگای کاڵایی بە ژن، منداڵ هاوسەری باروودۆخێکی پێکهێناوە کە لەسەر بەستێنیان ئەم




قەتڵە ناخ هەژێنانە ئەنجام بدرێن. پیاوانی بنەماڵە کە لەژێر کاریگەریی ئەم فەرهەنگە کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەدان، وەک حوکمڕانانی ماڵەوە دەستدرێژیی سێکسی، بە "مافی سرووشتی"ی خۆیان دەزانن و هاوکات کوشتنی ژنانیش بە "دیفاع لە نامووس"ی خۆیان پێناسە دەکەن. لە هەر دووی ئەم حاڵەتانەدا ئەوە ژنە کە دەبێتە قوربانی. ئەگەر ژن کاڵایە، کەوابوو کۆمەڵگای بۆرژوایی پیاوسالار ڕێگە بەخۆی دەدات تا هەر جۆرێک کە مەیلیەتی لەگەڵ ئەم کاڵایە هەڵسووکەوت بکات. ڕێکلامی فرۆشی کاڵاکانی بە وێنەی ژنێک دەڕازێنێتەوە و لە دار و دیواری دەدات یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی دەکاتەوە. ژن لەژێرناوی کرێکاری سێکس و بەناوی سیغە لە بازاڕی پڕسوودی لەشفرۆشیدا هەڕاج دەکات. ژن لە چارشێو و مەقنەعە دەپێچێت تا لە چاوی خەڵکی تر بیپارێزرێت. بە منداڵ هاوسەری هەڵدەڵێت و ئەگەر پێویست بێت "بەڵگەی نەتەوەیی مافی منداڵ" و "گەڵاڵەی ڕێگری لە توندوتیژی دژبە ژنان"یش بە گۆترە پەسند دەکات

لەڕاستیدا ئەم گشتە لە توندوتیژیی دەوڵەتی دژبە ژنان بەستێنێکی گونجاوی بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی لەدژی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و "قەتڵە نامووسییەکان" دابین کردووە. هەر بەم ئیعتبارە توندوتیژی دژبە ژنان بە هەموو نەهامەتییەکانییەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە پێویستە بەستێنی بەرهەمهاتنەوەی بناسرێت و بەپێی تایبەتمەندییەکانی بەشێوەی ڕێکخراو و لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ خەبات لەدژی، هێزی جەماوەری ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و مرۆڤە ئازاد و یەکسانی خوازەکان بێنە مەیدان

❊❊❊

# شەپۆلی ئێعدامەکان لە ناوەوە و تیرۆری نەیاران لە دەرەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترسی کۆماری ئیسلامییە لە ڕووخان

لە کاتێکداکە کۆماری ئیسلامی بە ئابووریی داڕماوی، لە وڵامدانەوە بە داخوازی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش داماوە، لە کاتێکدا کە لە بواری نێونەتەوەیی یەکجار خراوەتە پەراوێزەوە و لە بواری ناوچەییدا هێزەکانی میحوەری موقاومەتی یەکجار لاواز بووە، وە لەژێر سێبەری هەڕەشەی شەڕی زەلیلکەری دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا یەکڕیزی ناوخۆیی لەدەستداوە. لە وەها بارودۆخێکدا حاکمانی ڕژیمی ئیسلامی، بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی نارەزایەتی و بۆ پێکهێنانی فەزای ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگا پەنایان بردووەتە تاکە ئامرازی بەردەستیان، واتە شەپۆلی تیرۆری نەیاران لە دەرەوە و پەرەپێدانی ئێعدام لە ناوەوەی وڵات

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی مانگی ڕەزبەر، میدیاکانی تورکیە باسیان لە تیرۆرکرانی نەیارێکی سیاسی کۆماری ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ کرد. مەسعوود نەزەری، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری جەوانڕۆ، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، تەقەی لێکرا و گیانی لەدەست دا. ئەو کە کەسێکی ئایینی و نەیاری کۆماری ئیسلامی بوو، دە ساڵ لەمەوبەر بەهۆی نەبوونی ئەمنیەتی گیانی ڕووی کردبووە تورکیە. گرووپەکانی مافی مرۆڤ ئەم تاوانەیان بە تیرۆرێکی دیکەی ئامانجدار لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە دژی نەیارانی سیاسی و مەزهەبی لە دەرەوەی وڵات وەسف کرد و بە کۆماری ئیسلامییان نیسبەت دا. هەروەها ئەندامانی بنەماڵە و ئاشنایانی، دەوڵەتی ئیسلامییان بە هۆکاری ئەو تیرۆرە زانی. ئەگەرچی ئاژانسی هەواڵی فەڕانسە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی تورکیە لێکۆڵینەوەیان لەم بارەوە دەستپێکردووە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی دەوڵەتی تورکیە، هیوایەک بۆ بەئاکام گەیشتنی ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە و ئەم جارەش وەک هەموو جارەکانی پێشوو کە کۆماری ئیسلامی لە ناو تورکیەدا تیرۆر و ڕفاندنی ئەنجام داوە، دەبێتە بابەتێک بۆ سات و سەودای ڕژیمی تورکیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. چونکە ئەوە یەکەم جار نییە کۆماری ئیسلامی لە ناوخاکی تورکیەدا تیرۆر و ڕفاندن ئەنجام دەدات و هەتا ئێستا هیچ کامیان لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە بەدواداچوونی بۆ نەکراوە

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، ڕۆژێک دوای تیرۆرکردنی مەسعود نەزەری لە تورکیە، لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دیکەدا، سەفا ئەلمەشهەدانی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا و کاندیدی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە هاوپەیمانی سیاسی "ئەلسیادە وەتەنییە"، تیرۆر کرا. ناوبراو بەهۆی بۆمبێکەوە کە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بەسترابوو، کوژرا و چوار کەس لە هاوڕێیانیشی برینداربوون. سەفا ئەلمەشهەدانی ڕەخنەگرێکی سەرسەختی گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بوو. باوکی ناوبراو لە لێدوانێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی عێراق ڕایگەیاند: لایەنە بیانییەکان کە دەیانەوێت دۆخی عێراق تێکبدەن بەرپرسیار بوون لەم تیرۆرکردنەدا. مانگی ڕابردوو لە سمینارێکدا لە سلێمانی، مەحموود ئەلمەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی هاوپەیمانی گەورەی سوننە "ئەلسیادە وەتەنییە"، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ یەکێک لە کێشە گەورەکانی سەر ڕێگای سەقامگیری عێراقی، بە دەستوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتدا وەسف کرد. بێگومان کەس ناتوانێ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆر و پێکهێنانی نائەمنی و ناسەقامگیری لە عێراق ئینکار بکات.

لە نموونەیەکی دیکەدا لە پەیوەند لەگەڵ کردەوەی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاریی ناوخۆیی بریتانیا "ئێم ئای فایڤ"، لە وتاری ساڵانەی خۆیدا لە دەفتەری ناوەندیی ئەم ڕێکخراوە لە لەندەن، ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی جنوون ئامێز هەوڵ دەدات ڕەخنەگرانی خۆی لە سەرتاسەری دنیا بێدەنگ بکات. ئەو وتی: "ئێمە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠



پیلانی مەرگباری ڕژیمی ئێرانمان پووچەڵ کردووەتەوە. ئەوان بەشێوازی قیزەون لە تاوانباران بۆ تیرۆری نەیارانی خۆیان کەڵک وەردەگرن"

کۆماری ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتیدا بە بارمتەگرتنی کەسانی بیانی لە ئێرانیش بۆ نەجات و کۆمەک بە تیرۆریستەکانی خۆی لە دەرەوە، کە لە کاتی جێبەجێ کردنی پیلانی تیرۆریستی و تەقینەوەدا دەستگیرکراون، کەڵک وەردەگرێت. کەسانی بیانی بە بێ هیچ بەڵگەیەک دەستبەسەر و لە دادگا فەرمایشییەکاندا بە تۆمەتی ناڕاستی سیخوڕی، بە زیندانی درێژماوە و تەنانەت ئێعدام مەحکووم دەکرێن. ساڵەها ئەوان بەشێوەی نامرۆڤانە لە زینداندا ڕادەگرن تا لە موعامەلە لەگەڵ دەوڵەتی خوازراویان، کەڵکیان لێ وەرگرن. دەوڵەتەکان بەتایبەت دەوڵەتانی

ئورووپایی بە موماشات و سازش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا، بەکردەوە کۆماری ئیسلامییان بۆ درێژەدان بەم جنایاتە هانداوە. دوایین نموونەی، دەستگیرکردنی دوو چالاکی سەندیکایی خەڵکی فەڕانسەیە کە زیاتر لە سێ ساڵە بە تۆمەتی بێبنەمای سیخوڕی بۆ دەوڵەتی فەڕانسە، لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگیراون و بەپێی ڕاپۆرتی لۆمۆند، قەرارە لەگەڵ یەکێک لە مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێتەوە

بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئێعدام و تیرۆر و بارمتە گرتن درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات. ئەم




ڕژیمە لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندایە کە ڕۆژانە بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان بە مانگرتن و ناڕەزایەتییخۆیان، حکوومەتی ئیسلامییان تەنانەت لە ناو زیندانەکانیشدا خستووەتە ژێر فشارەوە. مانگرتن لە خواردنی پێنج ڕۆژەی زیاتر لە هەزار و ٥٠٠ کەس لە بەندکراوان لەدژی ئێعدام لە قزڵحەسار، هەروا درێژەی هەیە و پشتیوانی لەوان لە دەرەوی زیندان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت. ئێعدامی زیاتر لە هەزار زیندانی لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوو، نیشانەی ئەوپەڕی وەحشەت و نیگەرانی سەرانی ڕژیم لە چارەنووسی حەتمی نیزامی ئیسلامییە. ئەم ڕژیمە گەندەڵە لە ئیدارەکردنی هەرجۆرە بوارێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی بێتوانا و داماوە. بەڵام قەیرانی ئابووری و بارودۆخی فەلاکەتباری ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ڕێگایەکی بێجگەلە درێژە و گەشەپێدان بە خەبات نەهێشتووەتەوە. لەسەر بەستێنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا، ئەم خەباتە لە بواری ڕێکخستنیشەوە گەشە دەکات و بە شکڵدان بە ڕێبەری سەرتاسەری بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاری بەخش، پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی فەراهەم دەکەن. کۆماری ئیسلامی بە ئێعدام و تیرۆر و بارمتە گرتن ناتوانێ بەر بەم ڕەوتە بگرێت.

❊❊❊

# کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە نەوەدەمین حەفتە لە ٥٢ زیندان؛ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بکەینە داخوازیی هاوبەشی هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان

سزای ئێعدام بەدەر لەوەیکە لە چ شوێنێک و بەدەست چ ڕژیمێک بەکردەوە دەردێت، قەتڵی دەوڵەتی و تاوانێکی ڕێکخراوە. سەرانی دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایەداران ئەم جەنایەتە لەژێرناوی دیفاع لە ئەمنیەتی گشتی، ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەدەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان نیشانی داوە کە بەڕێوەبردنی ئەم سزایە نەتەنیا کاریگەریی بەرپێگرانەی نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگە و کەمبوونەوەی ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان. سەرانی ڕژیم بۆ ئەم کوشتنە لەئانقەست و ڕێکخراوە، یاسایان داڕشتووە و قازییان بۆ داناوە و جەلادیان بۆ جێبەجێکردنی حوکم دیاری کردووە.داڕشتنی ئەم یاسایانە و پێکهێنانی ئۆرگانی دیاریکردن و بەکردەوەدەرهێنانی حوکمی دادگا بە خەرجی کۆمەڵگە، بۆ ئەوان کەم هەزینەتر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بوونەتە هۆکاری تاوان و جەنایەت. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی لەئاست ڕیشەکێش کردنی تاوان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات.

بێگومان نیزامێک کە ئامرازی دیفاعەکەی جەلاد بێت، حورمەتێک بۆ مرۆڤ دانانێت و لەناوبردنی نەیارانی بە بابەتێکی ئاسایی دەزانێت و بە دیفاع لە حورمەت و ماف و ئەمنیەتی هاووڵاتییانی لەقەڵەم دەدات. کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی ئەم وەحشیگەرییە نیشان دەدات. کوشتن و ئێعدامی بێ موحاکمە لە کاتی هێرش بۆسەر شارەکانی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، کوشتار لە تورکەمەن سەحرا، قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی ساڵی حەفتا و حەوت، وەبەرگوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە جەریانی ئاخێزی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨، کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناڕازییان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ئێعدام لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو، تەنیا چەند نموونەن لە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ئەم ڕژیمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا

هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەو واقعییەتەیە کە ڕژیم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتیژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژیم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێبەزەیی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگەی چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات. بەندکراوانی سیاسی بە ڕێکخستنی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام لە پشت ملیەکانی زیندان دەمێکە ئاڵای خەباتیان لەدژی سزای ئێعدام بەرز کردووەتەوە

کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام کە لە ٥٢ زیندانی ئێراندا درێژەی هەیە، لە نەوەدەمین حەفتەدا، لەڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە لە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٤٠٤ لەسەر




بەردەوامبوونی کەمپەین و خەباتی لێبڕاوانە هەتا گەیشتن بە ئێرانێکی بێ سزای ئێعدام تەئکیدیان کرد. لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە

"لە شەپۆلی بەرینی ئێعدامەکانی ئەم دواییەدا، بەتایبەت لە زیندانی قزڵحەسار، ڕۆژی دووشەممە ٢١ی مانگی ڕەزبەر، بەدوای ڕەوانەکردنی ژمارەیەک لە بەندکراوانی واحدی دووی قزڵحەسار بۆ ژووری تاکەکەسی بەمەستی جێبەجێ کردنی ئێعدام، بەندکراوانی ئەم بەشە کە زیاتر لە هەزار و ٥٠٠ کەسیان مەحکووم بە ئێعدامن، دەستیان دایە مانگرتن و خۆراکی زیندانیان وەرنەگرت و خوازیاری گەڕانەوەی هاوبەندەکانیان بوون. ئێمە داوا لە باقی بەندکراوان دەکەن کە هاوشێوەی حەرەکەتی بەندکراوانی قزڵحەسار لەگەڵ ئێعدامی هاوبەندەکانیان دژایەتی بکەن. لە دژبەرانی ئێعدام

لە دەرەوەی زیندان داواکارین هەنگاوی جیددیتر بۆ ڕاگرتنی ماشێنی ئێعدام هەڵگرن و بنەماڵەی مەحکووم کراوان بە ئێعدام بەتەنیا نەهێڵنەوە. هەواڵی گەیشتوو لە زیندانە جۆراوجۆرەکانەوە نیشانی دەدات کە تەنیا لە ٢٠ ڕۆژ سەرەتای مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا، ١٦٢ بەندکراو ئێعدام کراون و هەتا ئێستا، واتە لە ٦ مانگ و بیست ڕۆژی سەرەتای ساڵی ١٤٠٤، زیاتر لە هەزار کەس ئێعدام کراون. ئامارێک کە ویژدانی گشتی کۆمەڵگای ئێران و جیهانی زامدار کردووە و پێویستی بە هەنگاوی خێرا و جیددی جیهانی هەیە بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕەوتە جنایەتکارانەیە"




ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەناو قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و حکوومەتیدا دەست و پێ لێدەدات و کۆمەڵگای ئێرانی خستووەتە ژێر فشاری گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و هەڕەشەی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل، لە هەمان کاتدا دژبە خەڵکی نارازی شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و هەموو ڕۆژێ خەڵک ئێعدام دەکات. لەم بارودۆخەدا پێویستە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانین لە هەڵمەتی "نا بۆ ئێعدام" پشتیوانی بکەین. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ یەکتر، توانا و وزەی خۆیان لەپێناو سەراسەری کردنەوەی مانگرتنی کرێکاری و نارەزایەتیی جەماوەری بۆ زەمینگیرکردنی ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەوڵەت بەکار بێنن. خواستی هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و ئازادیی بەندکراوانی سیاسی پێویستە ببێتە خواستی هاوبەشی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە نارەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. نارەزایەتی دژبە سزای ئێعدام و کوشتنی لەئانقەستی دەوڵەت، بەدەر لەوەیکە ئەم سزایە بۆ نابوودیی زیندانییانی سیاسی بێت یان تاوانبارانی ئاسایی، ئەرکی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆی ڕزگاری لە دواڕۆژی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مژدە دەدەن. کۆمۆنیستەکان ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنن کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن و بۆ نەمانی ئەم سزایە لێبڕاوانە خەبات دەکەن

***

## دانپێدانانی ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامی بە شکست و هەڵەیەکی قەرەبوونەکراوە

ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی مانگی ڕەزبەر بەدوای شکستی حەماس و لە سەروبەندی واژۆکردنی بەڵگەی ئاگربەستی شەڕی دوو ساڵە لە غەززە بە بەشداری ترامپ لە "شەرم ئەلشێخ"ی میسر، سەردێڕەکەی بە بابەتێک لەژێرناوی "ئایا ئەم تۆفانە براوەیەکی هەبوو؟" تەرخان کرد. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ یەکەمجار بە پێچەوانەی زۆرێک لە لێکدانەوە و بۆچوونی بەرپرسانی ڕژیم لەوانە عەلی خامنەیی، نووسیویەتی کە "هێرشی تۆفانی ئەقسا" لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ هەڵە بووە. ئەم ڕۆژنامەیە لە درێژەدا بە باسکردنی شکست و خەساری ئەم شەڕە دوو ساڵەیە کە بە غافڵگیری گرووپی تیرۆریستی حەماس بۆسەر شاروچکەیەکی ئیسرائیلی لە ناوچەی سنووری کەرتی داگیرکراوی غەززە دەستپێکرد، نووسیی: "ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد و سوڵتەی ئەمریکا و ئیسرائیل بەسەر سووریە، کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا وهەزاران کەس لە ڕێبەران و ئەندامانی حیزبوڵڵا و هاتنە سەر کاری حکوومەتی هاوئاراستە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لە لوبنان، ئەو زەربانەی لە حوسییەکانی یەمەن دراوە و کوژرانی سەرانی حەماس، هەر هەموویان، ئاکامی زیانباری هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل و بەمانای بەفیڕۆدانی هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بوو". ئەم ڕۆژنامەیە شەڕی ١٢ ڕۆژە و کوژرانی فەرماندە باڵا نیزامی – ئەمنییەتییەکان و زانایانی ئەتۆمی ئێران لەلایەن ئیسرائیلیشی لە دەرئەنجامە زیانبارەکانی تۆفانی ئەقسا بۆ کۆماری ئیسلامی وەسف کرد

لە جەریانی ٧ی ئۆکتۆبردا، هێزەکانی حەماس هەزار و ٢١٩ کەسیان کوشت کە زۆربەیان لاوانێک بوون کە بۆ بەشداری لە جەشنێک کۆببوونەوە. ٢٥١ کەسیشیان بەدیل گرت و ڕەوانەی کەرتی غەززەیان کردن. ئەمە دەسپێکێک بۆ شەڕی جنایەتکارانە و جینۆسایدی دوو ساڵەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل بوو کە بە هێرشی ئاسمانی و زەمینی زیاتر لە ٦٧ هەزار کەسی لە خەڵکی بێدیفاعی غەززە و هێزەکانی حەماس کوشت و پتر لە ١٦٠ هەزار کەسی بریندار و تەقریبا هەموو کەرتی غەززەی وێران کرد

ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامی ئێستا پاش دوو ساڵ لە کاتێکدا "هێرشی تۆفانی ئەقسا" بە هەڵە دەزانێ کە عەلی خامنەیی سێ ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر، وێڕای دەربڕینی ڕەزایەت و خۆشحاڵی وتی: من ناوچاوان و باسکی داڕێژەرانی ژیر و هوشیاری فەلەستینی کە ئەم هێرشەیان داڕشت و ئەنجامیان دا، ماچ دەکەم. ئێمە لە فەلەستین دیفاعمان کردووە و دەیکەین". باقی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامیش وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی، سەرکەوتنی هێرشی "تۆفانی ئەقسا"یان بە بەرپرسانی حەماس پیرۆزبایی وت و مۆرەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە شەقام و مەیدانی شارەکان، جێژن و شادییان وەڕێخست.

بەدوای وتەکانی خامنەیی لەو کاتەدا باقی بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامی دەستیان کرد بە هەڵیت و پڵیت و هەڕەشەی بێبنەما لە ئیسرائیل. ئیبراهیم ڕەئیسی وێڕای پشتیوانی لە هێرشی حەماس وتی: "من بە ئیسرائیل وئەمریکا دەڵێم کە میللەتی مسوڵمان و ئۆمەتی ئیسلامی بۆ بەشداری و دیفاع لە فەلەستین بەتەواوی ئامادەن و تۆڵەیەکی سەخت بەدەستی ئۆمەتی ئیسلامی بەڕێوەیە". سەرپاسدار محەممەد ڕەزاییش وتی: "لە ئەگەری ڕانەوەستانی شەڕدا ڕووداوی



نوێ لە ناوچەکەدا شکڵ دەگرێت و ئەگەری هەیە وڵاتانی مسوڵمان سنوورەکانی خۆیان بەڕووی لاوانی ئینقلابی بۆ چوون بۆ شەڕ دژبە ئیسرائیل بکەنەوە و شەڕ بۆ هەموو ناوچەکە پەرەبستێنێت". ئەمیر عەبدوڵلاهیان وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ڕژیمیش ڕۆژی شەممە٢٢ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٢ دوای دیدار لەگەڵ حەسەن نەسروڵلا لە لوبنان و ئیسماعیل هەنییە لە قەتەر، وێڕای دانپێدانان بە تەڵەفاتی شەڕ و گلەیی لە دەخاڵەت نەکردنی وڵاتانی مسوڵمان لەو شەڕەدا وتی: "ئاستی جنایاتی شەڕی سەهیۆنیستەکان لەدژی خەڵکی غەززە لەسەرێیە. دەبوو مسوڵمانان و ئیمانداران لەگەڵ خەڵکی مەزلوومی فەلەستیندا بن. ئەگەر شەڕ ڕانەگیرێت دەستی هەموو گرووپەکان لە ناوچەکە لەسەر ماشە دەبێت و ئەمریکا زیانی قورسی بەردەکەوێت". ئەم وتانە لە کاتێکدا بوو کە خودی ڕژیم نەتەنیا هیچ کەسی لە ئۆمەتی ئیسلامی بۆ شەڕ نەنارد بەڵکوو لەدوای هۆشداری ئەمریکا، هەرجۆرە دەخاڵەتێکی خۆی لەوێ ڕەت کردەوە

بەڵام زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی ئینکاری کۆماری ئیسلامی لە دەست هەبوون لە هێرشی حەماسیان بە ناڕاست و درۆ دەزانی. چونکە عەلی خامنەیی زۆر جار وتبووی کە: "ئێمە بە حیزبوڵڵای شیعە لە لوبنان و حەماسی سوننی لە غەززە و بە هەرکەس لەدژی ڕژیمی سەهیۆنیستی بەشەڕ بێت کۆمەک دەکەین و لە هیچیش ناترسێین". سەبارەت بە ٧ی ئۆکتۆبری حەماسیش، خامنەیی هەر ئەوکات بە "پێویست و لە وەختێکی گونجاودا" ناوی برد. چونکە ئەو هێرشەبووە بە بەربەستێک لەسەر ڕێگای پەیوەست بوونی عەرەبستانی

سعوودی بە پەیمانی ئاشتیی ئیبراهیمی ترامپ.بەڵام ئێستا، بەو کۆنفڕانسەی کە لەدوای ئاگربەس لە ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕەزبەر لە شەرم ئەلشێخ بە بەشداری ترامپ و سەرانی ٢٠ دەوڵەتی دیکە بۆ واژۆکردنی بەڵگەی ئاگربەست بەڕێوەچوو، نەتەنیا عەرەبستان بەڵکوو زەمینە بۆ پەیوەست بوونی باقی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکەش بەو پەیمانە پێکهاتووە.ئەمەش دەبێت بەشکستی ستراتیژی وسیاسەتەکانی کۆماریئیسلامی لەناوچەکەوشکستێک بۆخامنەیی دابنرێت

بەم حاڵەوە پێدەچێت ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەروا




لە هەوڵی درێژەی هەر ئەم ستراتێژییە شکست خواردوو و جنایەتکارانەیە لە ناوچەکەدا بن. وڵایەتی، ڕاوێژکاری کاروباری نێونەتەوەیی خامنەیی ڕایگەیاند کە دەستپێکی ئاگربەس لە غەززە لەوانەیە پشتی پەردەی کۆتایی ئاگربەس لە شوێنێکی تر بێت. سەرپاسدار قالیبافیش لە کۆبوونەوەی عەلەنیی مەجلیسی ئیسلامیدا وتی کە: "نەتەوەی فەلەستین و میحوەری موقاومەت دەستیان لەسەر ماشەیە و ئامادەن بەرەنگاری هەرجۆرە فریوکاری و پەیمان شکێنییەک بنەوە". ئەم هەڵیت و پڵیتانەی کاربەدەستانی حکوومەت لە کاتێکدایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەئیعترافی ڕێبەران و کارگێڕانی،بەرەوڕووی قەیرانی قووڵی هەمەلایەنە و شکست و ئیفلاسی ئابوورییە. لەگەڵ گەشەی ڕۆژانەی مانگرتن و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەرەوڕووە و لە بەرامبەر داخوازییەکانیاندا وڵامێکی بێجگەلە پەرەپێدانی سەرکوت و ئێعدام نییە. موحسێنی ئێژەیی، سەرۆکی جەللادی دەزگای قەزایی ڕژیم، هەفتەی ڕابردوو باسی لە زۆربوونی پەروەندە قەزاییەکان کرد و ئەم بابەتەی بۆ کێشە ئابوورییەکان گەڕاندەوە. بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی زۆربوونی پەروەندەکان، ترسی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی لە گەشەی ناڕەزایەتی و خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە کە حکوومەتی ئیسلامی خستووەتە سەر لێواری هەڵدێر و سەرکوت و ئێعدام و گرتنیش ناتوانێ نەجاتیبدات.

❋❋❋

# بەرەو پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان لە کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان

مانگرتن و ڕێپێوانی کرێکارانی فوولادی ئەهواز، فوولادی سیادنی ئەبهەر، ناڕەزایەتیی کرێکارانی پاڵاوگەی قشم، مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران لە چەند ناوچەی نەوتی لە جنووب، ناڕەزایەتیی لۆکۆمۆتیوڕانان، ئیعترازی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی شاهڕوود و مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایەتیی کرێکارانی شیرکەتی ئاڵمینیۆمسازیی ئەراک تەنیا چەند نموونە لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودایە. بەرینایی هەژاری و گرانیی بێسنوور و نەهامەتیی ئابووری و دابەزینی حەقدەست و بێتوانایی دەوڵەت لە وڵامدانەوە بە داخوازیی کرێکاران، گەشەی ئەم ناڕەزایەتییانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی. درێژەی ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتییانە نیشانی دەدات کە کرێکارانی ئێران نەتەنیا بە شەپۆلی ئێعدام و سەرکوتگەرییەکانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداری چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو بڕیاریان داوە لە خەباتیان بەردەوام بن و لە بەرامبەر هێرشی سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان بۆسەر ژیان و گوزەرانیان سەنگەربەندی بکەن و ڕێگە نەدەن لەوە زیاتر تاڵانیان بکەن. بەم ڕەوتە کە بزووتنەوەی کرێکاری گرتوویەتە بەر و بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونە بەنرخەکانی کرێکاران لە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان،دروستکردنی کۆمیتەکانی مانگرتن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی شۆرای کرێکاری لە کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بووەتە بابەتێکی حەیاتی

شۆرای ڕاستەقینەی کرێکارانی کارخانە ڕێکخراوێکە کە گشت کرێکارانی کارخانە لەخۆدەگرێت. ئامانجی هاوبەشی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە ڕاوێژکردن و بڕیاردان سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی کرێکاران بەشێوەی دیمۆکراتیک و هەوڵ بۆ بڕیاردان بە بەشداریی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کە خودی کرێکارانی کارخانەن. بە واتایەکی دیکە شۆرای واقعیی کارخانە، ئۆرگانی داسەپاندنی ئیرادەی کرێکارانی کارخانەیە. بێگومان کاتێک باس لە ئیرادەی کرێکاران و بڕیاری کرێکاران دەکەین، مەبەست ئیرادە و بڕیاری زۆرینەی کرێکارانە. هەربۆیە دەسەڵاتدارییەتیی دیمۆکراسیی ناو ئەم ڕێکخراوە و پەیڕەوکردنی ئۆرگانەکان لە بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی، زەرووری و پێویستە. باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردانی شۆرا، ”مەجمەعی عموومی“ واتە کۆبوونەوەی گشتیی کرێکارانی کارخانەیە. کەوابوو لە هەموو ئەو کارخانانە کە ئیمکانی بەڕێوەبردنی مەجمەعی عموومیی کرێکارانی کارخانە بوونی هەیە، شۆرای کرێکاران بەواتای مەجمەعی عموومیی ڕێکخراو و جێکەوتووی کرێکارانە و تەنیا ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن زۆربەی کرێکارانی ناو مەجمەعی عموومییەوە پەسندکراوە، مسەوەبەی کرێکارانی کارخانە پێناسە دەکرێ

لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییە گەورەکاندا کە پڕژوبڵاویی واحیدە جۆراوجۆرەکان و یان تایبەتمەندیی بەرهەمهێنانی بێ وەستان، بەڕێوەچوونی مەجمەعی عموومی کرێکاران بەرەوڕووی کێشە و یان نامومکین دەکات و شۆرا ناتوانێ مەجمەعی عموومیی گشت کرێکاران بێت، بەڵام لەم حاڵەتەشدا ماهییەتی مەسەلەکە ناگۆڕدرێت. بێگومان لەم ناوەندە سەنعەتی و کارخانانەشدا مەجمەعی عموومیی کرێکارانی بەش یان شیفت و هتد بە ئاسانی دەتوانێ بەڕێوەبچێت و هەر کرێکارێک لە کارخانە هەروەک کارخانە چکۆلەکان دەتوانێ ئەندامی شۆرای ئەو بەشە یان شیفتیە بێت کە مەجمەعی عموومی ئەو بەشە یان شیفتەی تێدا بەڕێوەدەچێت. لەم حاڵەتەدا شۆرای ناوەندیی کارخانە بریتی دەبێت لە شۆرای نوێنەرانی کرێکارانی بەش و شیفتە



جیاوازەکان. ئەم شۆرای نوێنەرانەش لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە هەر کامیان شۆرای چکۆلەتری بەش یان شیفتێک نوێنەرایەتی دەکەن

ئەم هەیئەتانەی نوێنەرایەتی کە لە شۆرای ناوەندیی نوێنەرانی کرێکارانی کارخانەدا بەشداری دەکەن، بەشێوەی دیمۆکراتیک لە کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی شۆرا چکۆلەترەکاندا هەڵدەبژێردێرن، چوارچێوەی ئەرک و ئیختیاراتیان لە لایەن هەڵبژێرانەوە دیاری دەکرێت و هەمان هەڵبژێرانیش هەرکات ئیرادەیان کرد دەتوانن بیانگۆڕن. کەوابوو لە کارخانە گەورەکانیشدا شۆراکانی نوێنەرانی کرێکارانی کارخانە، نوێنەرانی مەجمەعە عموومییەکانی کرێکارانن لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کارخانەدا کە تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لە لایەن ئەوانەوە ئیختیاری بڕیاردانیان هەیە و لەلایەن هەمان مەجمەعی عموومییەوە دیاری دەکرێن و لەسەرکار لادەبردرێن

بەمجۆرە ”شۆرای نوێنەرایەتیی کرێکاران“ کە خۆی مەجمەعی عموومیی ژمارەیەکی یەکجار زۆرە لە کرێکارانی کارخانە و باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردانی کرێکارانی کارخانەیە، پشت ئەستوورە بە شۆرا جۆاوجۆرەکانی کرێکارنی کارخانەوە. هەر کرێکارێک لە هەر بەشێکی کارخانە بەشێوەی ئۆتۆمات ئەندامی یەکێک لە شۆرا کرێکارییەکانی کارخانەیە و دەتوانێ

بەشداری مەجمەعی عموومیی ئەم شۆرایە بێت و لەم ڕێگەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر بڕیارەکانی ئەم شۆرایە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەسەر بڕیارەکانی شۆرای نوێنەرایەتیی کرێکاران کاریگەری دابنێت و بۆ وەدیهاتنی ئیرادەی کرێکاران سازمان بدرێت

شۆرا بۆ ئەوەیکە بتوانێ بە خێراترین و باشترین شێوە بڕیار بدات، هەیئەتێکی بەڕێوەبەر لە ناو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێرێت. ئەم هەیئەتە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی شۆرای بەپێی ئایین نامەی ناوخۆیی وەئەستۆیە و بە پێی ئایین نامە دەستووری کۆبوونەوەکان ئامادە دەکات و بابەتی دەنگدان و کۆبوونەوەی شۆرا ڕێبەری و ئیدارە دەکات. شۆرا لەڕاستیدا پەرلەمانی کرێکارانە و کۆبوونەوەکانیان هاوشێوەی کۆبوونەوەی پەرلەمانێکی کرێکارییە و ئەرکی هەیئەتی بەڕێوەبەر هاوشێوەی ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە. لەو کۆبوونەوانەدا سەبارەت بە شێوازی




کۆبوونەوەکان بە پێشنیاری کرێکاران، دەنگدان ئەنجام دەدرێت. پێویستە لە شۆرادا باروودۆخێک دابین بکرێت کە ئەندامەکانی واتە کرێکاران بتوانن بۆچوون و ڕێنوێنییەکانی خۆیان دەربڕن و خوازیاری ئەوە بن کە لە لایەن شۆراوە لەبەرچاوبگیرێت. تەنیا لەم حاڵەتە دایە کە بڕیاردانی درووست مەیسەر دەبێت و تەنیا لەم ڕێگەوەیە کە کرێکاران دۆستان و دوژمنانی خۆیان دەناسن

تا ئێرە تەئکیدمان کرد کە شۆرا کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی کرێکارانی کارخانە و یان مەجمەعی عموومیی نوێنەرانێکە کە گشت کرێکارانی کارخانە نوێنەرایەتی دەکەن و دەربارەی تەوەرەکانی کرێکاران بڕیار دەدەن. بەڵام شۆرا تەنیا ئۆرگانی بڕیاردانی کرێکاران نییە، بەڵکوو بەڕێوەبەری بڕیارەکانی خۆشیەتی. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە کۆبوونەوەی گشتیی خۆیدا کۆمیتەی جێبەجێکار یان کۆمیتەی جێبەجێکاری جۆراوجۆر بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەڵبژێرێت. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە شۆرا واتە باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردانی کرێکاران بێجگەلە ئیعتبار، هۆگرایەتی و نفووز و ئیحترامی لەناو کرێکاران هیچ ئامرازێکی بۆ ناچارکردنی کەمینەی موخالف بۆ قەبووڵکردنی بڕیارەکانی نییە. شۆرا مافی ئەوەی نییە کە ژمارەیەک لە کرێکاران لە شۆرا دەربکات. لەبەر ئەوەیکە لەم حاڵەتەدا وەک ئۆرگانی داسەپاندنی ئیرادەی جەماوەریی کرێکارانی ئەم کارخانەیە کۆتایی بە تەمەنی خۆی هێناوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر زۆربەی کرێکاران بەشێوەی ڕێکخراو بڕیارەکانیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، دژایەتیی کەمینەیەک لە کرێکاران ناتوانێ ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای زۆرینەی کرێکاران

شۆرا خۆی ئەرکی سەرشانیەتی کە بۆ بەکردەوە دەرهێنانی بڕیارەکانی، کۆمیتەی جێبەجێکاری پێویست دیاری بکات و ئەندامەکانی لەناو کەسانی خۆبەخشدا هەڵبژێرێت و بە دیاریکردنی چوارچێوەی ئەرک و ئیختیاراتیان بەکاریان بێنێت. کەوابوو شۆرا لە خودی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەریی کرێکارانی کارخانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەریکی کاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی شۆران. لە سەرووی هەموو ئەم ئۆرگانانەشەوە دیسان خودی شۆرا، واتە مەجمەعی عموومیی پێکهاتوو لە کرێکاران و نوێنەرانی کرێکارانە

خاڵی گرینگ لەپێوەند لەگەڵ کۆمیتەکانی جێبەجێکار ئەوەیە کە ئەم کۆمیتانە لەژێر ئۆتۆریتەی مەجمەعی عموومی دان و هیچ کۆمیتەیەک بە بێ دیاریکرانی ئیختیارات و ئەرکەکانی پێک نایەت. شۆرا هەمیشە بۆ بەکردەوەدەرهێنانی بڕیارەکانی لەلایەن ئەم کۆمیتانەوە چاوەدێریی ڕاستەوخۆی هەیە و لەگەڵ بینینی سەرپێچی لە چوارچێوەی دیاریکراو، لێپرسینەوە لە ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە دەکات و یان دەیانگۆڕێت. بابەتی گرینگ ئەوەیە کە لەڕێگەی ڕێکخستنی کرێکاران لە وەها ڕێکخراوێکدا، بەشداریی هەرچی زیاتر و هەرچی ڕاستەوخۆتری کرێکاران لە کاروباریاندا دابین بکرێت. سەرەنجام دەبێ ئەو ڕۆژە بێت کە هەر کرێکارێک بتوانێ پێگەی خۆی لە ڕێکخستنی بەرهەمێهێنان و لە ڕێکخستنی کرێکاراندا پێناسە بکات

کەوابوو شۆرای ڕاستەقینەی کارخانە، پشت بە مەجمەعی عموومی یان کۆبوونەوەی گشتیی کرێکاران دەبەستێت. کە لە لایەکەوە بەشێوەی دیمۆکراتیک سازمان دراوە و بە بێ کەموکۆڕی گونجاوترین وەزعییەت بۆ بەشداری و ڕاوێژ و بڕیاردان فەراهەم دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە خۆی ڕێکخراوێکە کە بە باشترین شێوە لە توانای تاک بە تاکی کرێکاران لەپێناو بەکردەوەدەرهێنانی بڕیار و ئیرادەیان کەڵک وەردەگرێت. لە شۆرای کارخانەدا باڵاترین مەرجەعی بڕیاردان مەجمەعی عموومیی کرێکارانە. مەجمەعی عموومی یەک ناوەند نییە بەڵکوو پایە و بنەمای شۆرایە. ئۆتۆریتەی مەجمەعی عموومی لە کۆبوونەوەیەکەوە تا کۆبوونەوەیەکی دیکە بە هیچ ئۆرگانێکی تر ناسپێردرێت و لەناو خۆیدا دەمێنێت

❊❊❊

## زانکۆ مەیدانی خۆڕاگری و خەبات

لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا بۆ چوارەمین شەوی بەردەوام، خوێندکارانیخابگای دانش لە زانکۆی سەنعەتی خاجە نەسیرەدین تووسی، حەوشە و ڕێڕەوەکانیان کردە مەیدانی ناڕەزایەتی و داخوازی. هاواریدروشمەکانیاندەنگی دایەوە: "دانشگای پووڵەکی، شەهریەی زۆرەکی"، "تا بە ماف نەگەین، لە ناڕەزایەتی بەردەوامین"، "خوێندکار دەمرێ، زلەت قەبووڵ ناکات". لە بەشێکی دیکەی شار، لە زانکۆی ئەلزەهرا، کچانی خوێندکاریش لەژێر زەبری چاوەێری، گەیتی چهرەنیگاری، تەزەکوراتی حیجاب و سووکایەیی ڕۆژانە لە سلف و خابگا، لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان بێبەرین. لە دوای سەعات ١٠ی شەو هاتوچۆ قەدەغەیە و خوێندکاران تەنانەت لە کاتی پشووشدا دەبێ خۆ لە نیگای حەراسەت بەدوور بگرن. لە وەها بارودۆخێکدا، زانکۆ نە پەناگای پەروەردە، بەڵکوو زیندانە. زێندانێک کە تێیدا ژنان کۆنتڕۆڵی




جەستە و زەینیان بەشێوەی هاوکات بەسەردا دەسەپێت. ئەم دوو ڕووداوە جیا لە یەکەن، بەڵام هەردووکیان قەیرانی ناو سیستمی پەروەردە لە ئێران نیشان دەدەن. قەیرانێک کە کرێکارانی خزمەتگوزاریی زانکۆکانی کردووەتە کۆیلەی پەیمانکاران و خوێندکارانیشی کردووەتە مشتەریی کاڵایەکی گران قیمەت بەناوی "پەروەردە"

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا زانکۆ بووەتە تاقیگەیەک بۆ سیاسەتە نیولیبراڵییەکانی ڕژیم. دەوڵەت بە سپاردنی خزمەتگوزاریی ڕەفاهی و پەروەردەیی بە پەیمانکارانی بەشی خسووسی، بەرەبەرە لە بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی پاشەکشەی کردووە. سلفەکان بوونەتە پووڵی، خابگاکان بوونەتە بۆنگایەکی پڕلە قازانج و تەنانەت خزمەتگوزاریی پاک و خاوێنی، دامەزراوە و فەزای سەوز، بە شیرکەتە پەیمانکارییەکان سپێردراوە. کرێکارانی زانکۆکان، لە نەزافەتچیی خابگاکانەوە تا ئاشپەزیی سلف، بە قەراردادی کاتیی کەمتر لە یەک ساڵ کار دەکەن و لە هاونیدا بێکارن. هیچ زەمانەتێک بۆ درێژکردنەوەی قەراردادەکانیان بوونی نییە و چکۆلەترین ناڕەزایەتی دەتوانێ ببێتە هۆی دەرکردنیان. ئەوان لەو شوێنانەدا کار دەکەن کە نە ئامێری فێنکردنەوە و هەواگۆڕینیان لە هاویندا هەیە و نە وەسایلی گەرمکردن لە زستاندا. کار بە مەوادی شیمیایی،

ماندوویەتیی بەردەوام و حەقدەستی کەم، ڕوخساری بێ نقابی چەوسانەوەن.

بەڵام ئەم چەوساندنەوەیە تەنیا تایبەت بە کرێکارانی خزمەتگوزاری نییە. خوێندکارانیش لە قالبێکی دیکەدا قوربانیی هەر ئەو مەنتقەن. شەهریەکان زیاد دەکرێن،




خزمەتگوزاریی کەم دەکرێتەوە و بەرپرسان بێشەرمانە باس لە کەسریی بوودجە دەکەن.ئەوەش لە کاتێکدایە کە بوودجەی دامەزراندنی گەیتە ئەمنیەتییەکان و دووربینەکان دەستبەجێ دابین دەکەن. لە زانکۆی ئەلزەهر، تەنانەت چوونە ناو سلف لەژێر نیگای حەراسەتدا ئەنجام دەدرێت. چاوەدێرییەک کە لە جیاتی ئەمنیەت، تەنیا سوڵتەی زیاتر بەسەر خوێندکاراندایە و هیچی تر. لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامیدا، پەروەردە بەخۆڕایی و بێبەرامبەر نییە. خۆراک، شوێنی خەو، خزمەتگوزاری و تەنانەت هەناسەکێشانی ئازاد، هەر هەموویان بۆ خوێندکار بوونەتە خەرج. لە وەها بارودۆخێکدا، پەروەردە ئیتر مافێکی گشتی نییە، بەڵکوو ئیمتیازێکی چینایەتییە. پڕۆسەیەک کە تێیدا زانست، ئەزموون و تەنانەت ئاوات، دەبێتە کاڵا. بەڵام بەکاڵاکردنی پەروەردەش هوشیاریی خۆڕاگریی دەخوڵقێنێت. کاتێک خوێندکار لە خۆی دەپرسێ "خزمەتگوزاری ڕاگیراوە، پارەکەی لە کوێ خەرج کراوە؟"، لە ڕاستیدا دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەروەتی کۆمەڵگا لە پێکهاتەی زانکۆدا دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە ئەو کاتەیە کە هۆشیاری سەرهەڵدەدات. لە زانکۆدا بەرپرسان بە زمانی دین و ئەخلاق، ئینزباتی خوازراوی خۆیان دەسەپێنن. زانکۆ دەکەنە پادگان و زیندان. وە حەراسەت باسکی ئیدئۆلۆژیی نەزمی سەرمایەداری لەژێر عەبای دیندایە.

ئەم نەزمە، ئاگاهانە دامەزراوە تا زەینی خوێندکار بەتایبەت خوێندکاری ژن لە بیرکردنەوە و نارەزایەتی پاشگەز بکات. بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە فشار، هەمیشە تۆوی خەبات و خۆڕاگری دەچێنێ. کچانی زانکۆی ئەلزەهرا بە بێدەنگیی هوشیارانە و بەیاننامەی بەکۆمەڵ، ڕێگایەکی تازەیان لە خەبات کردووەتەوە. خەباتێک کە لە جەستەوە دەسپێدەکات و دەگاتە کۆمەڵگا. سەرمایەداری بۆ مانەوە پێویستی بە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کارە. وە زانکۆ لەم چەرخەیەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە: فێرکردنی شارەزایی پێویست، ڕاهێنانی زەینی موتیع و ئاواتی سازگار لەگەڵ بازاڕ. بەڵام کاتێک کە کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیراندایە، کاتێک قەیرانی بوودجە، گەندەڵی ئیداری و سیستماتیک بەوپەڕی خۆی دەکات، ئەم پڕۆسەیە تێکدەچێت.

زانکۆکانی ئێران ئەمڕۆ دروست لەم بارودۆخەدان. کرێکارانی خزمەتگوزاریی کاتی و خوێندکارانی ناڕازی، دوو بەری یەک پارادۆکسن. ئەوان کە دەبێ ئەم نەزمە بەرهەم بێننەوە، خۆیان دەبنە هێزی تێکدەر. دروشمی شەوانەی خواجە نەسیر، سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەیە. نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە، ئەگەرچی لە مەسائلی ڕەفاهییەوە دەستیپێکردووە، بەڵام بەخێرایی داخوازیی سیاسییان لێکەوتووەتەوە. دروشمی "نە پادگان نە بۆنگا، دروود بەر دانشگا" داخوازییەکی ڕوونە لەپێناوی هێنانەدەری پەروەردە لەژێر چنگی سەرمایە. بەم حاڵەوە، ئەزموونی بزووتنەوەکانی ڕابردوو نیشانی داوە کە بەبێ ڕێکخستن، ئەم تووڕەییە دادەمرکێتەوە، ئەوەیکە ئەمڕۆ پێویستە، پەیوەندیی بزووتنەوەی خوێندکاران لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارانە. پەیوەندییەک کە دەبێ لە ئاستی هاودڵییەوە بگا بە ئاستی کردەوەی هاوبەش

هوشیاریی ڕاستەقینە، تەنیا لە پراتیکی بەکۆمەڵدا شکڵ دەگرێت. خوێندکاران کاتێک دەبنە شۆڕشگێڕ و دەتوانن ئاڵای داخوازیی دیموکراتیکی کۆمەڵگا لە زانکۆ بەرز بکەنەوە کە ئاسۆیشۆڕش، ئاسۆی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و ڕووخاندنی بنەڕەتیی نیزامی سەرمایەداری بخەنە بەردەم خۆیان. بزووتنەوەی خوێندکاری کاتێک دەتوانێ پێشڕەویی خۆی زەمانەت بکات کە بابەتی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ڕووی ستراتێژییەوە قووڵتر بکاتەوە.

❊❊❊




## کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱٦:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشڕەو**

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**

representation.of.komala@gmail.com

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

۰۰٤٦۷٦۰۸٥٤۰۱٥
۰۰٤۷۹۹۸۹٥٦۷٤
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷